Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-20

# بازرگانیی  ڕۆژئاوای ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست (13-15 ز) دا

## ( توێژینەوەیەکی هەڵهێنجراوە لە نامەی ماستەر)

**تەرزە کمال عمر[1]، ئاراس فریق زەینەڵ[2]**

1- بەشی مێژوو- کۆلیژی زانستە مرۆییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان - عێراق
2- سەرۆکی زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان - عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **July, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | |

**Keywords**

بازرگانیی
سەدەکانی ناوەڕاست
سەدەی (13- 15 )

**Corresponding Author**

tarzakamal55@gmail.com
aras.fariq@garmian.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە باس لە گۆرانکارییە بنەڕەتییەکانی بازرگانیی ناوخۆ و دەرەکی لە  ڕۆژئاوای ئەوروپا  لەنێوان سەدەکانی (سیانزەهەم بۆ پانزەهەم) ی زایینی دەکات، سەردەمێکە بە گەشەکردنی شارە بازرگانییەکان و دامەزراندنی سیستمی بانکی، گەشەکردنی بازرگانی دەریایی دەناسرێت.

توێژینەوەکە هەوڵی جیاکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی بازرگانیی ناوخۆ لە بازرگانیی نێودەوڵەتی دەدات، کاریگەری هەردووکیان لەسەر گەشەسەندنی ئابووری ئەوروپا شیدەکاتەوە، توێژینەوەکە پشت بە سەرچاوەیەکی فراوان دەبەستێت، بریتییە لە سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی، هەڵمەتی (چوارەم) ی خاچییەکان کاریگەریی گەورەی لەسەر گەشەسەندنی بازرگانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات هەبوو، ڕێگەی بازرگانی نوێ دۆزرایەوە، سیستمی بانکیی فلۆرانس و لۆمباردی، لەگەڵ سەرهەڵدانی دراوەکان بنەمای نوێیان بۆ بازرگانی دانا، هەروەها بازرگانی ناوخۆ لەسەر بنچینەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بنیاتنرا لە چوارچێوەی بازاڕە وەرزییەکان (ناوخۆییەکان) جێبەجێدەکرا، لە هەمان کاتدا بازرگانی دەرەکی لە ڕێگەی شارە دەریاییەکانی وەك ڤێنزا و جەنەوا، کە ناوەندی بازرگانی گەشە سەندوو بوون، کۆمەڵەی هانز ڕۆڵی گرنگی لە ڕێکخستنی بازرگانیدا هەبوو.

ئەم توێژینەوەیە ڕۆڵی بازرگانی لە دامەزراندنی بناغەیەکی ئابووری بەهێز لە ئەوروپا و گەشەسەندنی شارە بازرگانییەکان ڕوون دەکاتەوە، هەروەها پەیوەندیی نێوان بازرگانی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەخاتەڕوو، بە تایبەت بەهێزبوونی چینی بازرگانی و کاریگەرییان لەسەر لایەنی سیاسی، توێژینەوەکە دەریدەخات کە جیاوازی نێوان بازرگانی ناوخۆ و دەرەکی تەنیا جیاوازی جوگرافی نییە، بەڵکو سیستم و ئامڕازەکانی بازرگانیشە کە بنەمایەکی ئابووری بەهێزی لەسەر  دامەزرا لە  ڕۆژئاوای ئەوروپا .

## پێشەکی:

بازرگانی پێگە و ڕۆڵی دیاری لە گەشەکردنی ئابووریدا هەبووە، لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا لە ماوەی سەدەکانی (13- 15 ز) زدا، کە کاریگەری لەسەر بەرەوپێش چوونی لایەنەکانی دیکەی هەبووە، بە تایبەتی پیشەسازی، بەهۆی ئاڵوگۆڕکردنی کاڵاکان لەنێوان ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا، لە هەمان کاتدا دابینکردنی پێاویستییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ، پاشان دابینکردنی کاڵا و پێداویستییەکان لە ناوچەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوای ئەوروپا، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات (میصر).

بازرگانی کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیان هەبوو بەتایبەتی لایەنی (کۆمەڵایەتی، سیاسی)، چونکە بازرگانی وایکرد پێداویستی مرۆڤ زیاتر بێت، بۆ ئەوەش لە هەوڵی زیادکردنی بەرهەم و سامان بوون، هەتا دۆزینەوەی ڕێگەی بازرگانی نوێ، کە بە هەرزانتر و زووتر بەرهەمەکانیان دەست بکەوێت.

بازرگانی بە بڕبڕەی پشتی ئابووری دادەنرێت، کە بەهۆیەوە کۆمەڵگەیەکی بەهێز دروست دەبێت و ڕێگەیەك بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە لە هەموو لایەنەکانی ژیان، لە کاتێکدا توێژینەوەی تایبەتی لەم بارەیەوە نەکراوە، هەربۆیە توێژینەوەیەکمان ئەنجامداوە بە ناونیشانی (بازرگانیی ڕۆژئاوای ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست (13- 15 ز) دا).

**بۆ ئاسانکردنی بەجێهێنانی ئامانج لە ئەنجامدانی توێژینەوەکە، توێژینەوەکەمان کراوەتە چوار باس:**

**باسی یەکەم: بوژانەوەی بازرگانی لەنێوان سەدەکانی (13- 15 ز) دا**

تەوەری یەکەم: جەنگی خاچ دروشمەکان

تەوەری دووەم : سەرهەڵدانی دراو و بانك

**باسی دووەم : بازرگانیی ناوخۆیی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا لە سەدەکانی (13- 15 ز) دا**

تەوەری یەکەم: بازاڕە ناوخۆییەکان

تەوەری دووەم : یەکێتییە ناوخۆییەکان

**باسی سێیەم : بازرگانیی دەرەکیی ڕۆژئاوای ئەوروپا لە سەدەکانی (13- 15 ز) دا**

تەوەری یەکەم: گرنگترین شارە بازرگانییەکان

تەوەری دووەم : بازرگانیی ڕۆژئاوای ئەوروپا لەگەڵ ڕۆژهەڵات

تەوەری سێیەم : گرنگترین کاڵا بازرگانییەکان

**باسی چوارەم : ڕێگەکانی بازرگانی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا لە سەدەکانی (13- 15 ز) دا**

تەوەری یەکەم: ڕێگە وشکانییەکان

تەوەری دووەم: ڕێگە ئاوییەکان

تەوەری سێیەم: گرنگترین ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی ڕێگە بازرگانییەکان بوونەوە لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا

بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەگرینەبەر:

## کێشەی توێژینەوە:

سەرچاوەکان زۆربوون، پێویستییان بە وردەکاری زۆر هەبوو، توێژینەوەی لەسەر نەکراوە، لەسەر ئەم بابەتە لە زانکۆکانی هەرێم و بە زمانی کوردی و بە زمانەکانی تر نەکەوتۆتە بەر چاومان لەسەر لایەنی ئابووری ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست بە گشتی.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە شیکردنەوەی هۆکارەکانی گەشەکردنی بازرگانی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا یە لەم چەند سەدەیەدا، هۆکارەکانی بەرەوپێشچوونی لە ناوخۆ و دەرەکیدا چی بوون، کە وایکرد بازرگانی بناغەیەکی بەهێز دروست بکات لە مەودای توێژینەوەکەمان کە سەدەکانی ناوەڕاستە (13- 15 ز).

## گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، بە هۆیەوە دەتوانرێت زانیاری ( مێژوویی و ئابووری ) تەواو و دروست لەسەر گەشەکردنی بازرگانی لەسەر ڕۆژئاوای ئەوروپا لە سەدەکانی (13- 15 ز ) کۆبکاتەوە، کە دەکرێت دواتر سوودی لێوەربگیرێت وەك سەرەتایەك بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر گەشەپێدانی بازرگانی لەم چەند سەدەیەدا.

## باسی یەکەم :- بوژانەوەی بازرگانی لەنێوان سەدەکانی (13- 15 ز) دا

### 1- تەوەری یەکەم: جەنگی خاچ دروشمەکان

چەند ڕووداوێك بوونە هۆی پێشکەوتنی بازرگانی، گرنگترینیان جەنگەکانی خاچییەکان بوو، کە بووە هۆی گەڕانەوەی دەسەڵاتی مەسیحییەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا بۆ سەر دەریای ناوەڕاست و بازرگانیی نێوان ڕۆژئاوای ئەوروپای زیندوو کردەوە (امین و حسین، 2013 : 105).

چالاکی جەنگی خاچییەکان پاڵنەرێکی بەهێزی بازرگانی هەبوو (کولتون،1995: 202)، بە تایبەتی هەڵمەتی چوارەمی خاچییەکان، بە ڕوونی پاڵنەری سەرەکی لە جەنگی خاچییەکاندا بەرژەوەندیی ئابووری و بازرگانی بوو، بەڵام بە تین وتاوی ئایینی پەردەپۆش کرابوون (امین و حسین، 2013: 223).

لە ئەنجامدا ئەم بەرکەوتنەی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕۆژهەڵات و زیادبوونی چالاکی لە ڕۆژئاوادا، بووە هۆی پێشکەوتن و کەڵەکەبوونی سامانی زۆر لە دەستی ئەو کەسانەی خەریکی بازرگانی بوون، بە تایبەتی شارەکانی ئیتالیا وەك: (ڤێنیزا **Venice**، جەنەوا **Geno**، پیزا **Pesa** ، فلۆرانس **Florence** ) کە لەو سەردەمەدا ڕێگەی بازرگانیی جیا بوون (نسیم، 1984 : 38).

ڤێنیزییەکان توانییان بازرگانیی دەریای ڕەش کۆنترۆڵ بکەن، توانییان خاوەنی زۆربەی دورگەکانی دەریایی بن، ئەوەش ئاسانکاری بۆ ڤێنیزییەکان کرد، کە زۆر سەردانی هەموو بەندەرەکانی کەنار دەریا بکەن لە ساڵی (1204- 1261 ز)، هەربۆیە کۆنترۆڵی تەواوی ئەو ناوچانەیان کردبوو (العرینی، ب.ت : 122).

بەجۆرێك کار گەیشتە ئەوەی زۆرێك لە شارە ئیتالییەکان بە تایبەتی (جەنەوا، ڤێنیزا) چەکیان بە موسوڵمانەکان دەفرۆشت لە کاتی جەنگی خاچییەکاندا، ئەمەش نارەزایەتی توندی لای پاپا (ئەنوستنی سێیەم) پەیداکرد، تا وای لێهات رەتی بکاتەوە بازرگانی لەگەڵ موسوڵمانەکاندا بکرێت (ول دیورانت، 1988 : 76).

گەشەپێدانی بازرگانی لەگەڵ ناوچەکانی خۆرهەڵات بە تایبەتی شارەکانی ئیتالیا بەردەوام بوو، کە دەیانگوت (ئێمە چ سوودێك لە شەڕی خاچییەکان دەبینین، لە دوای تێکدانی بنکە دەریاییەکان لە ئەنجامی شەڕی ئەوروپییەکان لەگەڵ خۆرهەڵاتدا؟)، ئەم شارانە دەستیان کرد بە بەستنی دەیان پەیماننامەی بازرگانی لەگەڵ دوژمنانی خۆرئاوا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان (زەینەڵ، 2024: 508) .

بەم شێوەیە ( پاپا نیکۆلاسی چوارەم - **Papa Nicolaus IV** ) (1288-1292 ز)، بڕیاری دەرکرد بۆ هەموو شارە مەسیحییەکان کە بازرگانیکردن (عاشور، 1986 : 155)، لەگەڵ مەمالێکەکانی قەدەغەکرد، بە تایبەتی ئەسپ و کۆیلە، هەندێك کەرەستەی خاوی وەك ئاسن و گۆگرد، لە ساڵی (1299ز) دا ( پاپا بۆنیفاسی هەشتەم ) گەنم و زەیت و شەرابی بۆ کەرەستەی پێشوو زیاد کرد، کە میسر لەو سەردەمەدا هەمووی هاوردە دەکرد (عاشور، 1986 : 155).

بەڵام ئەو بڕیارەی پاپا بە مەبەستی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بۆ سەر میسر جێبەجێکردنی قورس بوو، چونکە پاپا خاوەنی ئەو دەسەڵاتە دەریاییە نەبوو، کە بتوانێت چاودێریی کەنارەکانی میسر بکات، بۆ ئەوەی دڵنیا بێتەوە کە کۆمارەکانی ئیتالیا ڕێز لە بڕیارەکەی دەگرن (عاشور، 1986: 45).

بەڵام ئەم گەمارۆدانە ئەنجامی نەبوو، بەتایبەتی کە ( ڤێنیزا) خۆی نوێنەرایەتی بۆ لای پاپا ( کلیمەنتەری شەشەم **Papa Clemens VI**)(1342-1352) نارد و بۆی ڕوون کردەوە، کە ژیانی ئەوان بەندە بە بازرگانییەوە، ڕێگری کردن لەو بازرگانییە لەگەڵ میسر لاوازییە، داوایان لە پاپا کرد کە ڕێگەیان پێبدات بۆ بازرگانی لەگەڵ مەمالیکەکان، پاپا وەڵامی داواکاری دانەوە بەوەی ڤێنیزییەکان بازرگانی لەگەڵ میسر بکەن، جگە لە قەدەغەکراوەکان و بۆ ماوەی (5) ساڵ کە لە ساڵی (1344) دەست پێدەکات (عاشور، 1986: 156).

کاریگەریی هەڵمەتە خاچییەکان لە ئەوروپا لەرووی ئابووری وایکرد، کە بازرگانی ئەوروپا لەگەڵ خۆرهەڵات چالاکتر بێت، شارە بازرگانییەکانی ئیتالیا زۆر سوودمەند بوون لەو جەنگانە، تەنانەت دوای لەناوچوونی مەملەکەتی خاچییەکانیش شارە بازرگانییەکان هەر بەردەوام بوون لە بازرگانی لەگەڵ خۆرهەڵات (أمین و حسین، 2013 : 226).

## تەوەری دووەم : سەرهەڵدانی دراو و بانك

(دراوی زێڕ) بۆ یەکەم جار لە ناپۆلی و صقلیە بەکاردەهێنرا، ئیمپراتۆر (فریدریکی دووەم - **Fredericus II** ) لە نۆرماندییەکانی وەرگرت، کە پێشتر حوکمی صقلیەیان دەکرد، لە سەدەی (13 ز) لە ئیتالیا ئەم دراوە بڵاوبوویەوە (صالح،2011: 173). (فریدریکی دووەم) لە ساڵی (1231 ز) دا دراوی لە زێڕ دروستکرد، کە پێشەنگی دراوی سەدەکانی ناوەڕاست بوو (هنری برین، 1996 : 114). گەڕاندەوەی دراوی زێڕ متمانەپێکراو لە جۆرچاکی و کێشەوە جارێکی تر مامەڵەکردنی دراوی گەڕاندەوە بۆ بارودۆخی ئابووری بەهێز (هنری برین، 1996 : 115). لە سەدەی سیانزەهەم کاتێك بازرگانە ئیتالیەکان کەمێك زێڕی سودانیان برد، بەم کانزا گرانبەهایە یارمەتی خانەی دراویان داوە بۆ دەرکردنی دراو بە کوالێتی باشتر، لە ساڵی (1252 ز) دا دروستکردنی دراوی زێڕ لە ئیتالیا دەرکەوت (نورالدين حاطوم، 1967 : 2 /18 ).

سەبارەت بە بەکارهێنانی کاغەز لەشێوەی بەڵێننامە و بەکارهێنانی لە شارەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (13 ز)، لە دەوروبەری ساڵی (1250 ز) بە پارەی کانزا گۆڕدراوە (عاشور، 2009: 104 ).

لە سەدەی ( 13 ز) ئینگلتەرا مافی سکە لێدانی دراو بە تەنیا بۆ پادشا بوو، پارەی ئینگلیزی بەردەوام کوالێتی باشتری هەبوو لە هەر وڵاتێکی تر، کە لە لایەن ژمارەیەك شازادەوە دەستی بەسەردا گیرابوو. (لویسی نۆیەم - **Lwese IX**) یەکەم دیناری زێڕی بۆ باکووری بەرزاییەکانی ئەلپ دەرکرد لە سەدەی (14 ز) دا (هنری برین، 1996: 110 ).

بەهۆی زۆریی شازادە و شارەکان لە فەرەنسا، بارۆنە دەرەبەگەکان دەستیان بەسەر مافی پارە لێدان گرتبوو، کە نزیکەی (300) دەرەبەگ خاوەنی مافی دراو بوون، بەڵام پاشا (فلیپی دووەم - **Philip II**) لە ساڵی (1320-1321) زایینیدا بڕیاریدا یەك دامەزراوەی

هەبێت بۆ سك لێدان بۆ تەواوی شانشین، بۆ ئەوەی مافی شاهانەی خۆیان لە لێدانی دراو بۆ بگەڕێتەوە ( **P. Lehugeur , 1847: 368**).

لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست کرداری دەرهێنانی کانزاکان پێویستی بازرگانی بە دراوی باوەڕپێکراو وایکرد کاربکرێت بۆ دەرهێنانی زێڕ لە هەر یەك لە ئیتالیا و فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا (موریس بیشوب، **2022** : **121**).

دراو گۆڕەکان ( الصراف - **the cashier** ) بەشدار بوون لە بازرگانی کردن بە دراو لە پێدانی قەرزدا، کارێکی قازانج بەخش بوو، مافی ئەو کارە لە لایەن شازادەکان و پاشاکان تەنها لە بەرامبەر بڕە پارەیەکی دیاریکراو بۆ ژمارەیەکی دیاریکراوی خەڵك بوون. ئەوانەی بەردەوام بازرگانییان بە کانزا بەنرخەکانەوە دەکرد بۆ خۆیان و قازانجێکی زۆریان لەوە بەدەست هێناوە (هنری برین، **1996**: **130** ) .

لە سەدەی سیازدەهەمی زاییندا، ئەو دەوڵەمەندانەی (چینی بۆرژوا ) متمانەیان پێدەکرا دەرکەوتن کە دەیانتوانی مامەڵە بە دراو بکەن و قەرز بدەن و دراوەکان بگۆڕن لە بەرامبەر وەرگرتنی وتاری ( دڵنیایی - التأمين - **Insuranse**) لە هەموو شارە بازرگانییەکان پێشوازییان لێدەکرا، ئەم سیستەمە لەسەر دەستی لۆمباردییەکان لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست پەیدابوو (موریس بیشوب، **2022** : **265**).

## باسی دووەم :- بازرگانیی ناوخۆیی لە ڕۆژئاوای ئەورووپا لە سەدەکانی (13- 15 ز) دا

### تەوەری یەکەم : بازاڕە ناوخۆییەکان (وەرزییەکان)

بازاڕەکان وەکو ڕێکخستنی ئابووری دوای کۆتایی سەدەی (**13** ز) زیادی کردووە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی (**9**) بازاڕە بچووکەکان بە ژمارەیەکی زۆر لە سەرانسەری ئەورووپا دەرکەوتن، ئامانجی ئەم بازاڕە ناوخۆییانە دابینکردنی پێداویستی ناوخۆیی و ژیانی ڕۆژانەی دانیشتووان بوو، کە کارەکانی فرۆشتن تاکە کەسی بووە ( هنری برین، **1996**: **197**). لە سەدەی (**13** ز) بزووتنەوەی بازاڕە بازرگانییەکان شوێنی بازاڕە ناوخۆییەکانی گرتەوە، ئەم بازاڕانە ژمارەیان زیادی کرد بەهۆی ئەوەی بازرگانی چالاك و گرنگ بوو، لەو سەردەمە لە شارە گرنگەکانی ( میلانۆ، ڤێنیزا، فلاندەرز ) بازاڕ نەبوو، هەرچەند بازاڕ لە (بروجز، ليل) بازاڕی بازرگانی هەبوو، بەڵام لە ناوەندی چالاکییەکان وەك بازاڕێکی بچووك بوون (**Gold Schmidt, 1891,226**).

کاتێکیش بازاڕە وەرزییە گشتییەکان دەستیان بە گەشەکردن کرد لە سەدەی سیازدەهەمدا چینێکی بازرگان پێکهاتن کە بە کۆمەڵ کڕین و فرۆشتنیان دەکرد (ول. دیورانت، **1988**: **72**). بۆ ڕاکێشانی زۆرترین ژمارەی خەڵك و فرۆشتنی زۆرترین بڕی کاڵاکانیان بەپێ گوێدانە پێداویستی ئەو ناوچەیەی کە بازاڕەکەی تێدا بەڕێوە دەچێت (عاشور، **2009**: **118**).

بازاڕە وەرزییەکان لە شارە جیاوازەکان بوونە پێویستی ڕۆژگار، بۆ نموونە ( برۆجز، تروی، شامپاین) ئەمانە چەند ناوچەیەکی گرنگ بوون کە بازرگانان لە هەموو شوێنێکی ئەورووپا تێیدا کۆبوونەوە بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی (صالح، **2011**: **169**).

بۆ ڕێکخستن و کارکردن لە بازاڕە وەرزییەکاندا، (دەسەڵاتدارەکانی شارەکان) کاریان ڕێکخستن و سەرپەرشتی پرۆسەی دڵنیایی بازاڕ و چاودێری پرۆسەی کڕین و فرۆشتنیان دەکرد، لە ساڵی (**1284** ز) دا بۆ ( تیمی فەرمانبەران) گۆڕدران ، کە لە بازاڕەکاندا دانران لە لایەن دەسەڵاتدارانی شارەکان (جاك لوکوف، **2015**: **126**).

ئەمە جگە لە بوونی سەرپەرشتیاری بازاڕ و چاودێران، کە کاریان دەکرد بۆ پاراستنی بازاڕەکە، بڕیاریان لەسەر ناکۆکی نێوان بازرگانەکان دەدا کاتێك سەری هەڵدابێت، مۆری بازاڕیان هەڵدەگرت بۆ مۆرکردنی ئەو مامەڵانەی ( لە نێوان بازرگانەکان ) ڕوو دەدات (عاشور، **2009**: ج**2**/ **122**).

پەرەسەندنی ئەم بازاڕە وەرزییانە بوو بە پیشانگایەك و ناوەندێکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێودەوڵەتی، کە بووە هۆی گەشەسەندنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، ئەم گەشەسەندنەش لەژێر سایەی سەقامگیری ئاسایشدا بوو، کە دەسەڵاتدارەکانی شارەکان سەرپەرشتییان دەکرد، بەم جۆرە چالاکی بازرگانی ڕێکخراو لە ماوەی سەدەی(**13** ز) لە شێوەی گرێبەست و کۆمەڵەی بازرگانی دەرکەوت (جاك لوکوف، **2015**: **127**).

**بازاڕە بازرگانییەکان :**

**1- بازاڕی قەدیس دینس : ( Forum-sancti-Diony sill)**

دەکەوێتە باکوری شاری پاریس، لەم بازاڕەدا بەرهەمی هەرێمەکان لە (شەراب ، هەنگوین، دانەوێڵە ، کاڵاکانی تر) ئاڵوگۆڕی پێکرا، دەوڵەمەندەکان بۆ کڕینی ( جلوبەرگ ، بۆن ، مرواری) پێشبڕکێی یەکتریان دەکرد، لە بەرامبەردا گەنم و جۆ و زێڕ نەخشێنراوە بە بازرگانەکان دەبەخشرا، بازرگان لە هەرێمە دوور و نزیکەکان وەك (سەکسۆنیا، ئیسپانیا، لۆمبادریا، ئیرلەندا، ئینگلتەرا، جەنەوا، ڤێنیزایا ، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی) دەهاتن (توفیق، **2013** : **111** ) .

**2- بازاڕەکانی فلاندەرز : ( هەرێمی زەوییە نزمەکان) (mare german icum)**

بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست یەکێك بوو لە بازاڕە پێشەنگەکان، چونکە کەنارە ئاوییەکان و دەریای باکوور( **North sea**) و ڕووبارەکان شێلدت ( **Sealdis**) شوێنی گونجاویان بۆ دروستکرد بۆ گواستنەوەی کاڵاکان، جگە لەوەی بەرهەمی لە جۆری دروستکراوەکانی بازرگانانی لە هەموو لایەکەوە ڕادەکێشا، لە کۆتایی سەدەی (**13** ز) دا بازرگانان لە سی دەوڵەتی ئیسلامی و مەسیحی بۆ کڕین و فرۆشتن دەهاتن بۆ شاری (بروجی فلاندەرز) (صالح، **2011**: **110**).

**3-بازاڕەکانی شامپاینی فەرەنسی : ( Foires de champagne)**

که دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا ، بازاڕەکانی شامپاین دیارترین نموونەی بازاڕە گەورەکان بوون لە ڕۆژئاوای ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە شازادەکانی شامپاین لە سەدەی (13 ز) ئەم بازاڕەیان بەڕێوە دەبرد، شوێنی جوگرافی وایکردبوو ببێتە گۆڕەپانی بازرگانانی باکوور و بازرگانانی باشوور (عاشور، 2009: 2/ 117).

**4- بازاڕی بار سیر ئوب ( Bar –Sur- Aubie ) :**

دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئینگلتەرا، بووە ناوەندێکی سەرەکی بۆ بازرگانی خوری و کەرەستەی خاو، هەربۆیە بازرگانان لە (فلاندەرز) ەوە دەهاتنە (ئینگلتەرا) بەرهەمی زۆریان لە پێداویستییەکان لەم بازاڕە دەکڕی (العريني، ب.ت : 124 ).

بەم شێوەیە لە سەدەی (13 ز) دا شامپاین سوودمەند ئەبوون لە پێگەی خۆیان لەسەر ئەو ڕێگایەی دەریای ناوەڕاست بە باکوور دەبەستێتەوە، لە ساڵی (1230 ز) بازاڕی شامپاین بوو بە ناوەندێکی بازرگانی نێودەوڵەتی (نورالدين حاطوم، 1967 : 2/ 28).

بازاڕی شامپاین گەشەکردنی گەورەی ئابووریان بەدەست هێنا، چونکە بازرگانانی ئیتاليا هاتنە لای ئەوان و کاڵا دەگمەنەکانی ڕۆژهەڵاتیان دەهێنا، بازرگانانی باکوور بە مەبەستی کڕینی خوری و پەڕ و پێستە و بەرهەمەکانی دیکە لە باکووری ئەوروپا دەهاتنە ئەم بازاڕانە بۆ ئەوەی کاڵا ڕۆژهەڵاتییەکان بکڕن کە پێویستە بۆ ناوچەکەیان (العريني، ب.ت : 124).

لە سەدەی (13 ز)دا چالاکی بازرگانی شامپاین گەیشتە لوتکە، لە شارەکانی شامپاین( تروى ، لابي، سانتوا، بار، سير ، توب ) بازرگانەکان ( خێوەت) ەکانیان دادەنا، لەوێ کاڵاکانیان نمایش دەکرد بەپێی شارەکان دەکران بە گروپ (هنرى برين، 1996: 101).

کاڵاکانی بازرگانانی ئیتالی و بەرهەمەکانی فلاندەرز خەڵکی لە دوورەوە بۆ بازاڕەکانی شامپاین ڕاکێشا تا بوو بە هۆکاری قەرەباڵغی لەم ناوچانەدا تا ئەو ڕادەیەی دەستەواژەی ( بازاڕی پارەی ئەوروپا) ی بۆ بەکار دەهات (هنرى برين، 1996: 101).

بەم شێوەیە گرنگی ئەم بازاڕە بازرگانییە لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە یاسا پێگەیەکی جیاواز بە بازاڕە بازرگانییەکان بەخشی، چونکە گەرەنتی ئاسایش و پاراستنی تەواوی بۆ دەکرا، سزای توند بەسەر سەرپێچیکەران دەدرا، هەر کەسێك دەچوو بۆ بازاڕەکان لەژێر پاراستنی کۆنت (**conduit**) دا بوو واتە (دەسەڵاتدارەکانی شارەکان) (**P.Hurelin , 1897, 436** ).

بازاڕەکانی نزیك بوون لەوەی ئێمە پێی دەڵێین بازاڕی کۆفرۆشی ( forum venalium )، دەرەبەگە گەورەکان لە فەرەنسا سەرپەرشتی و نوێنەریان دەنارد بۆ کڕینی پێویستییەکانیان کە بەکار دەهێنرا بۆ ماوەی یەك ساڵ وەکو بەهارات و شەکر و قوماش و پەڕ و چەك (العريني، ب.ت: 124) .

بازرگانان هەفتەیەك پێش کردنەوەی بازاڕ دەگەیشتن بۆ ئامادەکردن و ڕێکخستن و نمایشکردنی کاڵاکانیان (**Painter ,1954 :76**).

کردنەوەی بازاڕی شامپاین، ساڵنامەی بازاڕەکە بەم شێوەیە دانرا بوو، کە لە مانگی ( 1- کانوونی دووەم ) ی هەموو ساڵێك بازاڕەکە دەکرێتەوە، لە نیوەی دووەمی ساڵ مانگەکانی ( 5 - ئایار ) و پاشان لە مانگی ( تەمووز، ئاب، ئەیلول ) بازاڕەکان دەکرانەوە (نورالدين حاطوم، 1967: 2/29).

ماوەی کارکردن لە بازاڕەکان ڕاگەیەنرا کە هەموو بەیانییەك دەرگاکان کراوە بن و ئێواران بە لێدانی زەنگەکان دادەخرێن، مامەڵەی بازرگانی لە بازاڕ ڕێگەپێدراو نەبوو جگە لە ماوەی سنورداری نێوان زەنگەکانی بەیانیان و ئێواران. لە (10) ڕۆژی یەکەمی بازاڕەکە تەنها ڕێگا بە فرۆشتنی خوری دەدرا، پاشان لە (10) ڕۆژی دووەمدا پێستە و پەڕ دەفرۆشرا، لە (10) ڕۆژی سێیەمدا ئەو کاڵایانە دەفرۆشرا، کە کێش و پێوانەی بۆ دەکرا (عاشور، 2009 : 119).

لە کۆتاییدا (5) ڕۆژ بۆ ئەو بازرگانانە دادەنرا کە کاڵاکانیان فرۆشتووە حسابەکانیان تەواو بکەن و پارەی کارمەندانی ژماردن بدەن، ئەو کاڵایانەی پێشکەش دەکرا ( ئاوریشم و بەهارات ) بوون کە لە ڕۆژهەڵات دەهات، خوری لە (فلاندەرز)، پەڕ لە (ڕوسيا و ئەسکەندەناڤیا)، ئاسن و بەرهەمە چەرمییەکان لە ئەڵمانیا، شەرابەکان لە (فەرەنسا و ئیسپانيا) هاوردە دەکرا ( **Paenter , 1955 ,P. 77**).

زمانی سەرەکی بازاڕەکانی شامپاین فەرەنسی بوو، ئەمەش بەهۆی فراوان بوونی بازاڕە بازرگانییەکانی شامپاین بوو، کە ژمارەیەك کتێبی گفتوگۆی بچووك لە شاری (بروجز - **Bruges**) لە ناوەڕاستی سەدەی (14 ز) بڵاوکرایەوە بۆ فێربوونی ئەم زمانە، هەروەها زمانی لاتینی هاوشانی زمانی فەرەنسی ڕۆڵی زمانی نێودەوڵەتی هەبوو لە بواری پەیوەندی لەگەڵ گەلانی ڕۆمانی و جەرمانییەکان (هنرى برين، 1996: 121).

**لاوازبوون و نەمانی بازاڕی شامپاین :-**

بازاڕەکانی شامپاین لە کۆتایی سەدەی ( 13 ز) دا دەستیان کرد بە لەدەستدانی گرنگی خۆیان، یەکێك لە هۆکارەکان ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بازرگانی نێودەوڵەتی ڕوویدا کە لە هۆکارەکانی تر یەکلاکەرەوەتر بوو، ئەویش کردنەوەی چەند ڕێگایەك بوو بە تایبەتی ڕێگای نوێی ئەلپ بوو، کە گواستنەوەی ڕاستەوخۆی لە باکووری ئیتاليا بۆ وڵاتانی ڕاین ئاسان کرد (نورالدين حاطوم، 1967: 30).

هۆکارێکی دیکە پاشای فەرەنسا (فیلیپی چوارەم - **Philip IV** ) ( **1285 -1314** ز)، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی پێویستی بە پارە بوو، هەربۆیە جۆرە باجێکی نوێی داهێنا، کە پێداگری دەکرد لەسەر کۆکردنەوەی بە شێوەیەکی کاش و هەناردەکردنی کانزا بەنرخەکانی لە وڵاتەکەی قەدەغە کرد و باجی زۆری لەسەر هەناردەکردنی سەپاند، بەم کارە زۆربەی بازرگانەکان دوور کەوتنەوە (عمران، 2006: 224).

بەهۆی بەرزکردنەوەی کرێ و زیادکردنی بەردەوامی باجەکان لە بازاڕەکاندا بازرگانەکان بەرەو شوێنێکی دیکە هەڵهاتن لە بازاڕەکانی شامپاین و دوورکەوتنەوە (العريني، ب.ت : **126**).

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان کە بووە هۆی لاوازکردنی بازاڕەکانی شامپاین لەسەر نەخشەی بازرگانی، ئەوەبوو کە بازرگانی دەریایی شوێنی گرتەوە (هنری برين، **1996**: **91**).

کە ئیتالیا لە سەرەتاکانی سەدەی ( **14** ز ) دا بۆ یەکەم جار لە ڕێگای دەریاوە کاڵاکانیان دەنارد بۆ ئینگلتەرە و فلاندەرز (امين و حسين، **2013**: **112**).

هۆکارێکی دیکە جەنگی سەد ساڵ ( **1337**- **1457** ز)، لەنێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا سەری هەڵدا، وێرانکاری بەسەر فەرەنسا هێنا (العريني، ب. ت : **130**).

کە بووە هۆی نا ئارامی و هەڵوەشاندنەوەی بازاڕەکانی شامپاین لە کۆتایی سەدەی ( **14** ز)دا، کە نائارامی بۆ سەر ڕێگە و بانەکان دروست کرد و جەنگی سەد ساڵ، کە بازرگانەکان نەیان دەتوانی بە ئارامی و ئاسایش کاڵاکانیان بگوێزنەوە بۆ بازاڕەکان، پەیدابوونی چەتە و ڕێگران لەسەر ڕێگەوبانەکان کە هەرچییەکیان دەستکەوتایە دەیانبرد و بەرامبەر پارەیەکی زۆر ئازادیان دەکرد (امين و حسين، **2013**: **112**).

## تەوەری دووەم : یەکێتییە ناوخۆییەکان ( کۆمەڵەی هانز) ( Corpus Hans )

پێکهێنانی ئەم یەکێتییە بازرگانییە نێودەوڵەتییە لەو کاتەدا دەستی پێکرد، کە ئەوروپا دوو ناوچەی بازرگانی پێکهێنا، ئەوانیش دەریای بەڵتیك و دەریای باکوور لە لایەك و جێکانی دەریای ناوەڕاست لە لایەکی دیکەوە، کاتێك بازرگانی بووە هۆی گەشەکردنی شارەکانی باکووری ئەوروپای خۆرئاوا، شاری بازرگانی وەك : فلاندەرز، برابانت، شاری برۆستۆڵ لە ئینگلتەرا، شاری لیل و پاریس و لیۆن لە فەرەنسا، شاری میونیخ و لوبیك لە ئەڵمانیا دەرکەوتن (العلى وطليعه وآخرون، **2006**: **58**).

لە هەموو شارە بازرگانییە گرنگەکاندا یەکێتی و کۆمەڵەی بازرگانان پێکهێنران بە مەبەستی گەشەکردنی بازرگانی و پاراستنی بازرگانان (امين و حسين، **2013**: **108**).

دانیشتوانی ئەم شارانە هەمیشە لە پەشێوی و ناسەقامگیری سیاسیدا دەژیان، ئەویش بووە هۆی بەرپابوونی یەکێتی و کۆمەڵەی ناوخۆیی لە ماوەی سەدەی ( **13** ز) و (**14** ز) دا وەکو (کۆمەڵەی مۆڵی ڕاین) و (کۆمەڵەی هانز) (العلى وطليعه وآخرون، **2006**: **58**).

**کۆمەڵەی هانز :**

سەرەتا ئەم کۆمەڵەیە بریتی بوو لە ڕێکەوتنێکی سادە لەنێوان بازرگانەکاندا بە شێوەیەکی تاك تاك بەسترابوو، ئامانجیان کەمکردنەوەی باج بوو لەسەریان، سەرەڕای پارێزراویان لە یاساکان (صالح، **2011**: **171**- **172**).

بازرگانانی ئەڵمانیا خۆیان لە پێویستی ئەم یەکێتییە دەبینییەوە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە بازرگانییەکانیان لەو ئاژاوە سیاسییەی لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەڵمانیا زاڵ بوو، شارەکانی حەوزی (ڕووباری ڕاین) لەوانەی تر یەکگرتووتر بوون، بەهۆی بەرکەوتنیان لەگەڵ مەترسی تاڵانکردنی لە لایەن شازادەکان کە لە هەندێك قەڵاکاندا ماونەتەوە (عاشور، **1983**: **592**).

بەم شێوەیە لە ساڵی (**1230** ز) دا، لەنێوان شارەکانی لوبیك لە باکووری ئەڵمانیادایە و هامبۆرگ لە جەرمەنی هاوپەیمانییەك دروستکرا، دواتر هەندێك شاری دراوسێ پەیوەندی بەم هاوپەیمانییەوە کرد، چونکە بۆیان دەرکەوت بەرژەوەندی گشتییان پێویستی بەو یەکێتییە هەیە، کە ( لۆبیك ) سەرکردایەتی دەکرد، ئەم کۆمەڵەیە کە بە (کۆمەڵەی هانز) ناسراوە لە ساڵی (**1350**- **1370** ز) دا چوار ناوەندی گەورەی هەبوو (نوفجرود ، لەندەن ، بروجز ، برجن) ( **Barraclough(G) , 1947 .266**).

ئەم کۆمەڵە بازرگانییە هەتا ئیتالیا درێژ بووەوە، هەرچەند گرنگترین کارە بازرگانییەکانی (هانز) لە شارە کەنارییەکان ( لۆبیك ، هامبۆرگ ، دەریای باکوور) چڕ بووەوە، بەڵام لە دەوروبەری ساڵی (**1400** ز) دا نووسینگەی بازرگانییان لە سەد و شەست شاردا هەبوو (موريس بيشوب، **2022**: **252**).

سەبارەت بە یەکێتی شارەکانی هەرێمی (فلاندەرز) کە (بروج) سەرکردایەتی دەکرد لە ماوەی سەدەی (**13** ز) دا لەژێر ناوی (هانز) لە (لەندەن) دەرکەوت، دواتر (کۆمەڵەی هانز) لە (کۆلن) توانییان پەیمانێکی ئیمتیازات لە پاشای ئینگلتەرا وەربگرن، ئەو مافانەیان بەدەستهێنا لە بواری بازرگانی بووە هۆی دامەزراندنی (نووسینگە) و بنکەی هاوشێوە لە ناوچەکانی دیکە (العريني، ب. ت : **136** ).

ئەم کۆمەڵەیە کاریگەریی سیاسی و ئابووری زۆریان بەسەر وڵاتانی باکووری ئەوروپادا هەبوو، چەندین دەستکەوت و لێخۆشبوونیان لە باجەکان بەدەستهێنا، خاوەنی بەلەمی بازرگانی و هێزی سەربازی بوون (محمد مخزوم، **1983**: **299**).

لە ساڵی(**1370** ز) دا (کۆمەڵەی هانز) دەستوەردانی لە هەڵبژاردنی پاشاکانی شارەکانی فلاندەرزی باکووری ڕۆژئاوای ئەوروپایان دەکرد، بەم شێوەیە بوونە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر کەشتی و بەلەمی بازرگانی و بازرگانانی باکوری ئەوروپا دەریای بەڵتیك و دەریای باکووریان قۆرخ کرد ( **Pirrenne ,1931 :226** ).

هەروەها یارمەتی (فالديمار - **Valdemar , 1326-1329** ز) ی پاشای دانیمارکی دا لە جەنگدا کە لە ناوەڕاستی سەدەی (**14** ز) دا بەرپای کرد و توانی دەست بگرێت بەسەر کۆپنهاگندا، لەم ڕێگەیەوە توانییان بازرگانی ماسی لە دەریای بەڵتیکدا قۆرخ بکەن (موريس بيشوب، **2022**: **254**).

شارەکانی (کۆمەڵەی هانز) لە باکوورەوە بازرگانی بە پێستە و پەڕ و مۆم و گەنم دەکرد، کە بەرهەمی هاوردەکراو بوون لە ڕووسیاوە، پاشان ئاسن و مس و تەختە و ماسی سوێرکراویان لە ئەسکەندەناڤیاوە هەناردەدەکرد (عاشور، **2009**: **104**). قوماشی (فلاندەرز و ئینگلتەرا) بۆ ئەورووپای ڕۆژهەڵات دابین دەکرد و بەهاراتیش لە ئیتالیا دەهێنرایە (بروج) ( نورالدین حاطوم، **1967**: **644**).

لە ماوەی سەدەی ( **14** ز ) دا، کەشتییەکانی هانز بڕێکی زۆر خوێیان هەناردە کرد بۆ کەناراوەکانی ئەسکەندەناڤیا، بەوەش پرۆسەی ماسی گرتن پەرەی سەند (هنری برین، **1996**: **149**).

ئامانجی (کۆمەڵەی هانز) دروستکردنی کەناڵ و قیرتاوکردنی ڕێگە وبانەکان و پاراستنیان بوو، جگە لەو پێشکەوتنانەی کە لە سیستمی بازرگانی و مامەڵەی داراییدا بەدەستیان هێنا لە ڕێگەی فراوانکردنی بەکارهێنانی حەواڵە، گرنگی داوە بە دروستکردنی کڵێسا و هاندانی زانست و هونەر (عاشور، **2009**: **595**).

زۆربەی ئەندامانی (کۆمەڵەی هانز) ئەڵمانی بوون، دەستیان گرت بەسەر بازرگانی نێوان وڵاتانی باکووری ئەورووپادا، کۆمپانیای بازرگانی گەورەی وەك (کۆمپانیای بازرگانی خوری) یان دروستکرد، کە بەرهەمی جلوبەرگی خوری ئینگلیزییان دەبرد بۆ باکووری ئەورووپا (امین و حسین، **2013**: **108**- **109**).

ئەم کۆمەڵەیە هیچ کاتێك هێزی چەکداری بەکار نەهێناوە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن، لە جیاتی ئەوە گەمارۆی خستە سەر هەندێك شمەك و کاڵای بازرگانی یان پچڕاندنی پەیوەندی و مامەڵەنەکردن و کەڵك وەرگرتن لە فشاری ئابووری، هەر لەو ڕێگەیەوە توانی هەندێك شار و تەنانەت پاشاکانیش ملکەچی خۆیان بکەن (موریس بیشوب، **2022**: **253**).

**هۆکارەکانی لاوازبوونی (کۆمەڵەی هانز) :**

لە سەدەی ( **15** ز)دا (کۆمەڵەی هانز) لاواز بوو، دوای چەندین هۆکاری جیاواز داڕووخا، یەکێك لەوانە ڕۆحی خۆپەرستی و شانازیکردن بوو کە زاڵ بوو بەسەر هەندێك لە وڵاتانەی کە (کۆمەڵەی هانز) پێگە و ئیمتیازاتی ئابووری و سیاسییان هەبوو (عاشور، **2009**: **596**).

یەکێکی دیکە فشار خستنە سەر چینی پیشەوەران بوو، کە کاڵاکانیان لێوەردەگرتن، زۆربەی کرێکاران و خەڵکی لێیان دەترسان و ڕقیان لێیان دەبوونەوە، دەیانزانی بەهێزترین ئامرازی ئەوان قۆرخکارییە کە بازرگانیی پێ کۆت و بەند کرابوو، هەربۆیە لە ساڵی (**1381**ز) دا کرێکاران شۆڕشیان دژی ئەوان بەرپاکرد، هەموو ئەندامەکانی سەر بە کۆمەڵەکەیان ڕاونا، بەدوای ئەندامەکاندا دەگەڕان و دەیانکوشتن، تەنانەت ئەوانەی خۆیان لەناو کڵێسەکانیشدا حەشار دابوو (عمران، **2006** : **170**).

(کۆمەڵەی هانز) تووشی لاوازی هات بەهۆی دووبەرەکی و جیاخوازی شارە ئەندامەکانی لەگەڵ یەکتری (صالح، **2011** : **177**).

(کۆمەڵەی هانز) ڕووبەڕووی ڕکابەری ئینگلیزی و هۆڵەندییەکان بووەوە، بەهۆی پاڵپشتی حکوومەتەکەیانەوە لە سەدەی (**14** ز) توانییان بچنە ناو ناوچەی ڤایکینگەکان و دەریای بەڵتیك، بازرگانییان تێدا کردەوە و سەقامگیرییان بەدەستهێنا، ئینگلیزەکان لە ئەڵمانیا هەموو ئەو ئیمتیازاتانەیان بەدەستهێنا کە بازرگانانی ئەڵمانیا لە ئینگلتەرا هەیانبوو، ئینگلیزەکان سەرکەوتووبوون لە بەدەستهێنانی قازانجی زۆر، بەهۆی ئەمەشەوە ناتەبایی لە (کۆمەڵەی هانز) دا ڕوویدا (فیشر، ب.ت :**22**).

بەم شێوەیە (لۆبیك) سیاسەتی دوژمنکاری بەرامبەر ئینگلتەرا گرتەبەر و هەر زوو بەهۆی هێرشی ئینگلتەرا بۆ سەر کەشتییەکانی (هانز) شەڕ دەستی پێکرد، بازرگانانی (هانز) سوودمەند بوون لە ناکۆکی ناوخۆی ئینگلتەرا بەپێی پەیماننامەی ساڵی (**14** ز)، بازرگانانی (هانز) هەموو مافەکانیان لە ئینگلتەرا وەرگرتەوە. هاتنە ناوەوەی ئینگلتەرا و هاتنە ژووری هۆڵەندییەکان بۆ دەریای بەڵتیك کاریگەر بوو، چونکە بازرگانی باکووری هۆڵەندا تا سەدەی ( **14** ز) دەرنەکەوت، شارەکانی هۆڵەندا وەك (ئەمستەردام) بە گرتنەبەری ڕێگای دەریای بەڵتیك بەشدارییان لە بازرگانیدا کردووە (العريني، ب. ت: **137**).

کاتێك قوماشی هۆڵەندی دەچێتە بازرگانی بەڵتیك وڵاتانی ( دانیمارك، سوید، ئەڵمانیا، پۆڵەندا ) لە سەدەی (**15** ز) دا (لۆبیك) بەرەنگاری هۆڵەندییەکان بووەوە، لە ساڵی (**1438** ز) دا شەڕ لەنێوان (کۆمەڵەی هانز) و (هۆڵەندییەکان) ڕوویدا، لەبەر ئەوەی هەوڵیاندا (قۆرخکاری) بەسەر بازرگانی هۆڵەندادا بسەپێنن، بەڵام بە کۆتایی هاتنی جەنگ (**1441** ز)، هۆڵەندییەکان (کۆمەڵەی هانز)یان ناچار کرد دان بە ئازادی بازرگانی بەڵتیکدا بنێت. ئەم سەرکەوتنەی (هۆڵەندییەکان) بووە هۆی لاوازبوونی (کۆمەڵەی هانز) لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا (العريني، ب. ت : **138**).

هەروەها لە سەدەی ( **15** ز) دا ڕێکخستنی سیاسی دەرکەوتن بەهۆی پاشا بەهێزەکانەوە، ئەو هۆکارانەی کە (کۆمەڵەی هانز) ی بۆ دامەزرا لە دەستەبەرکردنی ڕێگەوبان و پاراستنی بایەخی نەما) ( نعيم فرح، **2005**: **149**) .

سەبارەت بە هۆکارەکانی دەرەوە، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری قازانجی کۆمەڵەکە لەسەر ماسی گرتن لە دەریای بەڵتیك ( **Mare Balticum** ) بوو، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی ( **15** ز) دا هۆکارێکی سروشتی نەزانراو بووە هۆی کۆچی ئەم جۆرە ماسییانە لە دەریای بەڵتیك، زیانی زۆر گەورەی لە کۆمەڵەکەدا (**immerman (H), 1938. , 49**).

لە هەمان کاتدا دۆزینەوەی ڕێگەی دەریایی بۆ هیندستان و هەڵگیرسانی شۆڕش و توندوتیژی لە ڕەوتی بازرگانی، هەموو ئەمانە بوونە هۆی لاوازبوونی کۆمەڵەکە (عاشور، **2010** : **596/1**).

## باسی سێیەم :- بازرگانی دەرەكی ڕۆژئاوای ئەوروپا لە سەدەكانی (13- 15 ز) دا

## تەوەری یەكەم : گرنگترین شارە بازرگانییەكان

بیرۆكەی بازرگانیی دەرەكی لەسەر بنەمای تایبەتمەندی لە بەرهەمهێنان دامەزراوە، هەر وڵاتێك هەرچەند سەرچاوەكانی سامانی سروشتی هەمەچەشنە بێت، هەر پێویستی بە بەرهەمی دیكە هەیە، كە هاوردەی بكات لە وڵاتانی دیكەوە، هەر ئەمەش وایكرد وڵاتانی جیهان بكات بە یەكیەتییەكی ئابووریی یەكگرتوو لە ڕێگەی بازرگانیی دەرەكییەوە (عاشور، **1986**: **131**).

**گرنگترین شارە بازرگانییەكان:**

**یەكەم // دەوڵەتە شارییە ئیتالییەكان :-**

بە كامڵبوونی بازرگانی جیادەكرێنەوە، یەكێكن لە ناوچە هەرە ئاوەدانەكانی ڕۆژئاوای ئەوروپا لە بواری بازرگانیدا (نورالدین حاطوم، **1967** : **642**).

پەیوەندی بازرگانی لەنێوان ئیتالیا و ڕۆژهەڵاتی نزیك و میصر هەبوو، بە تایبەتی لە سەدەی ( **12**- **13** ز) دا (العرینی، ب. ت :**119**).

دەوڵەتە شارییە ئیتالییەكان دەریاوانی بە ئەزموون بوون (هایر، ب.ت: **111/1**)، هەر ئەمەش وایكرد لە بواری بازرگانیی نێودەوڵەتیدا لە ئەوروپا و دەریای ناوەڕاستدا پێشكەوتووبن (هنری برین، **1996**: **152**) .

ئەم دەوڵەتە شارییانە دەستیان كرد بە هاوردەكردنی بەهارات و بخورد و عاج و بۆنەكان و كەلوپەلی شووشەیان لە جیهانی ئیسلام بۆ شارە جیاوازەكانی ئەوروپا هاوردەكردووە (عاشور، **2009**: **2/ 152**).

بازرگانە ئیتالییەكان دانەوێڵەی وڵاتانی سەر دەریای ناوەڕاستیان هەناردە دەكرد بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیك، دەستیان بەسەر زۆربەی بازرگانی كردنی ڕۆژئاوای ئەوروپا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا گرتبوو، ئەوروپا پشتی بە هاوردەكردنی ئەوانە دەبەست بۆ پێداویستییەكانی كوتاڵ و شەراب و بۆیاخ و كەلوپەلی جوانكاری و خۆشگوزەرانی (امین و حسین، **2013**: **107**) .

دەوڵەتە شارییە ئیتالییەكان تا كۆتایی سەدەكانی ناوەڕاست بە ناوەندی سەرەكی بازرگانی و دارایی مانەوە، بازرگانی باكووری ئیتالیا لە نیوەی دووەمی سەدەی ( **15** ز) سەروەری و سەركردایەتی خۆی لە بواری بازرگانی لەدەستئەدا (العرینی، ب.ت : **132**) .

**1- ڤێنیزا : ( Venice )**

دەكەوێتە باكوری ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا، ڤێنیزاییەكان بوون بە خاوەن موڵك و ماڵی بەرفراوان لە حەوزی دەریای ناوەڕاست، كە شەكر و بەهارات لە كەنارەكان میصر و شام دەهێنایە ئینگلتەرا، خوری ئینگلتەرا بۆ فانكینكەكان و قوماشی (فلاندەرز)یش بۆ شارەكانی دەریای ناوەڕاست دەبرد (فیشر، ب.ت : **429**).

لە هەڵمەتی چوارەمی خاچییەكان (**1202** ز- **1204** ز) گەرووەكانی ڤانكینەكان (بۆسبۆر و داردنیل)، كە دەریای ناوەڕاست و دەریای ڕەش جیادەكاتەوە، بەزاند، تا ئەو كاتە بۆ بازرگانە بێزەنتییەكان تەرخان كرابوون بە دەست بەسەراگرتنی قوستەنتینە لە ساڵی (**1204** ز) بۆیان كرایەوە (نورالدین حاطوم، **1967**: **15**).

( گەنم ، خوی ، تەختە ، شەراب) یان هەناردە دەكرد بۆ قوستەنتینە، لە بەرامبەردا كەل و پەلی جوانكاری ڕۆژهەڵاتیان هاوردە دەكرد (موریس بیشوب، **2022**: **236**).

لە ساڵی (**1321** ز) مافی بازرگانییان لە وڵاتی یۆنان وەرگرت، بە تایبەتی شەراب و ڕۆن و كەل و پەل بەرهەمەكانیان زۆر بەناوبانگ بوون، ڤێنیزاییەكان بە پێویستیان زانیوە، كە ڕاستەوخۆ خاوەنداریێتی دوورگەی ( كریت - **Candia**) بكەن (ف هاید، ب.ت : **280**)، چونكە لەسەر ڕێگەی سەرەكی بازرگانی نێودەوڵەتی بوو، هەنگوین و مۆم و پەنیر و شەكر و شەرابی بەناوبانگی ماڵڤویزی (**malvoisie** ) هاوردەكردووە لە بەرامبەردا چەكیان پێفرۆشتوون (ف هاید، ب. ت : **286-287**) .

**2- جەنەوا : ( Genoa )**

لە سەرەتای سەدەی ( **13** ز)دا زۆر بەتوندی ڕكابەرایەتی (ڤێنیزا)ی دەكرد لە بواری بەرهەمە ڕۆژهەلاتییەكاندا (فیشر، ب.ت : **463**).

لە سەدەی (**13** ز )دا بازرگانی جلوبەرگی (فلاندەرز)ی بۆ باشووری ئەوروپا قۆرخكرد، بە تایبەتی دوای لاوازبوونی بازاڕەكانی شامپاین (هنری برین، **1996** : **141**).

كاتێك (ڤێنیزاییەكان) بەهۆی هاوپەیمانی لەگەڵ (میصرییەكان) توانییان زۆربەی بەرهەمە ڕۆژهەلاتییەكان قۆرخبكەن، كە لە ڕێگەی دەریای سوور هاوردە دەكرا، هەربۆیە (جەنەواییەكان) خۆیان تەرخان كرد بۆ لێكۆڵینەوەی گەشتی دەریایی، كە بتوانن بە دەوری ئەفریقا بگەڕێن و بەهارات بهێنن بۆ ئەوروپا، بێ ئەوەی پێویست بكات مۆڵەت لە عەرەب وەربگرن و باجێكی زۆر بدەن (فیشر، **1996**: **463**).

(جەنەواییەكان) یەكەم كەس بوون لە مانگی ئایاری ساڵی (**1291** ز) دا (گلینودی ڤیڤاڵدو - **Ugolino Vivaldi** - - **1260,1270** **1291** ) بە دوو كەشتی گەورە بەڕێكەوت بۆ گەڕان بەدوای ڕێگەی دەریایی بۆ هیندستان، بەڵام (ڤیڤاڵدو) لە كەناراوەكانی ئەفریقا كەشتییەكەی تێكشكاوە و نقوم بووە (صالح، **2011**: **181**).

(جەنەواییەکان) سوودیان لە لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلام لە ئیسپانیا و پێشکەوتنی دەریا لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست وەرگرت، کەشتییەکانی بەرەو درێژایی کەنارەکانی ئەفریقا دەسوڕانەوە، پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ ناوەندە بازرگانییەکانی باکووری رۆژئاوا دروستکرد بە تایبەتی لە ئەندەلوس (نورالدين حاطوم، **1967** : **17**).

( ڤێنیزا) و (جەنەوا) لە سەدەی ( **14** ز) ی زایینی پەیوەندی دەریایی راستەوخۆیان لەگەڵ بەندەری (بروج) دامەزراند، کە پێشتر تەنها لە رێگەی وشکانی پەیوەندی لەگەڵ باشووری فەرەنسا هەبووە (هنری برین، **1996**: **142**).

**3- فلۆرانس : ( Florence)**

لە سەدەی (**13** ز) دا بازرگانی خوری ئینگلتەرا کەوتە ژێردەستی ئیتالییەکان، بەهۆی ئەو قەرزانەی کە لە لایەن بانکەکانی (فلۆرانس) درا بە ئینگلتەرا، کە نەیانتوانی ئەو قەرزانە بدەنەوە (العريني، ب.ت : **1234**).

(فلۆرانس) لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست درەوشاوەترین دەوڵەتە شارییەکانی ئیتالیا بوو، کە دەرکەوتنێکی دەریایی هەبوو، کەشتییەکانی خۆی خستە سەر دەریای ناوەڕاست و زەریای ئەتلەسی بۆ بازرگانی (نورالدين حاطوم، **1967**: **644**) .

**4- میلانۆ : ( Milano)**

وەکو (ڤێنیزا) شارێکی ئاوەدان و دەوڵەمەند بوون بازرگانییەکی بەرفراوانی لە دەرەوەی وڵات هەبوو، کە دەرکەوتووبوو، بەزۆری بەرهەمی کشتوکاڵی و ئەسپ بەناوبانگ بوو، هەروەها کوالێتی قوماشی ئاوریشمی وردە و قوماشە چەرمەکانی بێ رکابەربوو (فیشر، ب. ت: **424**) شوێنێکی جوگرافی کاریگەریی لەباری هەبوو، کە دەکەوێتە نێوان بەرزاییەکانی ئەلپ و شارە بازرگانییەکانی ئەوروپا، بە تایبەتی ناوچە بازرگانییەکانی ئەڵمانیا (نورالدين حاطوم، **1967** : **644/2**).

**دووەم // ئینگلتەرا :-**

سەبارەت بە ئینگلتەرا، تاکە وڵات بوو لە ئەوروپا کە حکومەتێکی نەتەوایەتی هەبوو، کە توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو بەشەکانی وڵاتدا بسەپێنێت، پەیوەندی ئابووری باشی لەگەڵ هەموو کیشوەری ئەوروپا هەبوو، بەڵام لە بازرگانی سوودی ئەم بارودۆخە لە بارە نەبینێت (هنری برین، **1996** : **146**) .

لە ناوەڕاستی سەدەی (**14** ز) دا بازرگانی ئینگیزی سەرپەرشتی بازرگانی خوریدا دەکرد (العريني، ب.ت: **135**)، بەشداریکردنی ئینگلتەرا لە بازرگانی نێودەوڵەتی بەهۆی خوربیە نایابەکەیەوە، خوریيان وەبەرهەم دەهێنا لە خوربیە دروستکراوەکانی، کە توانی سەربکەوێت بەسەر قوماشی فلاندەرزدا (امين و حسين، **2013**: **108**) .

**سێیەم // ئەڵمانیا :-**

لە دەوڵەتە شارییە بازرگانییەکانی ئەڵمانیا ( هامبۆرگ) و( لۆبیك) گەشەیان کرد بە تایبەتی لە دەریای باکوور و دەریای بەڵتیك، کە پارێزەری و قۆرخی رێڕەوی نێوان دوو دەریاکەیان کردبوو (نورالدين حاطوم، **1967**: **644**).

بازرگانانی ئەڵمانیا لە شارەکانی پۆڵەندا و وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا بنکەیان دامەزراند، پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ سلاڤییەکان دروستکرد، کە لە ئاسیای ناوەڕاست دەهات بۆ کڕینی ئاژەڵ و هەنگوین و مۆم، بەم شێوەیە ئاڵوگۆڕی فراوانی بازرگانی لەگەڵ کیشوەری (ئۆراسیا) دروستکرد ( نورالدين حاطوم، **1967**: **17**).

**چوارەم // فەرەنسا : -**

(مارسیلیا) و (پرۆڤانس) رۆڵی خۆیان لە سەدەی ( **13** ز) بینی لە بازرگانی دەریای ناوەڕاست بە هەناردەکردنی جلوبەرگی (فلاندەرز) و هاوردەکردنی بەهارات (هنری برین، **1996**: **147**).

شەرابی فەرەنسا لە سەدەی (سیازدەهەم)ی زاییندا، باڵادەستی بازرگانی جیهانی بەدەستهێنا، بەهۆی باشی کوالێتییەکەی بەسەر هەموو شەرابەکانی تردا، لە سەدەی (**14** ز) دا برێکی زیاتری لێ فرۆشرا، چونکە هەرزانتر بوو لە شەرابی ئەڵمانی (هنری برین، **1996**: **148**) .

پاشای فەرەنسا (لویسی پانزەهەم- **Lwese XV** ) هاوردەکردنی بەهاراتی لە رۆژهەڵاتی دەریای سوور لە ساڵی (**1476** ز) دا مسۆگەر کرد. ئەمەش گەشەی چالاکی بازرگانی بەرهەمهێنانی بەدوای خۆیدا هێنا (نورالدين حاطوم، **1967**: **653**).

**پێنجەم// ئیسپانیا :-**

بەرشلۆنە لە سەدەی (**13** ز) دا، رۆڵی دیاری هەبوو لە مێژووی ئابووریدا، دەریاوانەکان بە خێرایی فێری هونەری بازرگانی ئیتالییەکان بوون، بەرشلۆنە زیاتر بازرگانی کۆیلەی کردووە (هنری برین، **1996**: **150**).

بازرگانی لەگەڵ یۆنان و دوورگەکانی دەریای ئیجە کرد، بازرگانیشی لەگەڵ رۆژهەڵات کردووە، بەرشلۆنە لە سەرەتای سەدەی (**14** ز) دا کەشتی دابەزاندە گەرووی (جبل تارق) (هنری برین، **1996**: **151**)، بازرگانی لە کەناری دەریای ئەتلەسی کرد، بەشێوەیەکی گشتی ئاسن و خوری ئیسپانی هەناردە دەکرد بۆ وڵاتانی دەرەوە (امين و حسين، **2013**: **107**).

**شەشەم // پورتوگال :-**

بەهۆی هەڵکەوتنی جوگرافییەوە بە درێژایی سنووری ڕۆژئاوای پورتوگال کەناری دەریاییە، هەر بۆیە پورتوگالییەکان دەریاوانی بە ئەزموون بوون لە سەدەی (14 ز) دا، ڕووی کەشتییەکانیان دەکەنە دەریای باکوور(نورالدين حاطوم، 1967 : 659)، هونەری کەشتیوانی لە (جەنەوابیەکان) فێربوون، فێری دروستکردنی کەشتی گەورە بوون کە لەسەر زەریا گەشت بکەن (فیشر، ب. ت: 464).

لە ساڵی (1446 ز) دا بە گەیشتنی ڕێژگەی ڕووباری (سەنیگال) دواتر توانییان بگەنە وڵاتی غانا، دەستیان کرد بە کۆیلە کردنی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە، ئەم خەڵکانەیان دەگواستەوە بۆ بازاڕەکانی (لشبۆنە) و بە کۆیلە دەیان فرۆشتن، پورتوگال بەهۆی ئەم بازرگانییە قازانجی زۆریان دەستکەوت بە تایبەتی کاڵای مەتاتی درەخت هەرچەندە قوربانییەکانی دانیشتوانی گانا بە ملیۆنان بوون، (صالح، 2011 : 186). هەروەها بازرگانی بە ( قوماشی چەرم ، زێڕ ، بەهارات) دەکرد (نورالدين حاطوم، 1967 : 661).

## تەوەری دووەم : بازرگانی ڕۆژئاوای ئەورووپا لەگەڵ ڕۆژهەڵات

### 1- دەریای سپی ناوەڕاست :

ئیتالییەکان قۆرخی بازرگانی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیان کردبوو (مخزوم، 1983: 20)، تا سەدەی (13 ز)، هیچ پەیوەندییەکی بازرگانی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەورووپا و ئاسیا نەبوون (ڤێنیزا) بەهێزترین شارەکانی ئیتالیا بوو پەیوەندی بازرگانی فراوانی هەبوو لە دەریای سپی ناوەڕاستدا (امین و حسين، 2013 : 115).

جگە لە ئیتالییەکان لە سەدەی (13 ز) دا (مارسیلیا و بەرشلۆنە) لەگەڵ ڕۆژهەڵات چالاکی بازرگانییان لە ڕێگەی دەریای ناوەڕاست ئەنجامداوە (عاشور، 1986 : 2/ 97)، کە دەوڵەتە شارییە ئیتالییەکانی بە ئاسیای بچووک دەبەستەوە، دەوڵەتە شارییە ئیتالییەکان لە ڕێگەی دەریای ناوەڕاست پەیوەندی بازرگانییان لەگەڵ خۆرهەڵات پێکهێنا (صالح، 2011: 170).

بەجۆرێك بازرگانانی موسوڵمان کاڵا ڕۆژهەڵاتییەکانیان لە هیند دەبرد بۆ بەصرە، لەوێشەوە بەهۆی کاروانە بازرگانییەکانەوە بۆ دیمەشق و حەلەب و شارە کەنارییەکانی تری سوریا دەبرد، یاخود لە بەسرەوە بەرەو ( بەغداد، موسڵ، دیاربەکر، تەرابزۆن) یان دەبرد، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ڤێنیزاییەکان ئەم کاڵایانەیان لەو شارە کەنارییانە دەکڕی، پاشان بەرەو ئیتالیا دەیان گواستەوە (صالح، 2011: 174).

ڤێنیزاییەکان هێشتا سەدەی (14 ز) نەهاتبوو کەشتی زۆریان ڕەوانەی دەریای ناوەڕاست و بەیروت و ئەسکەندەرییە دەکرد بۆ گواستنەوەی کاڵا ڕۆژهەڵاتییەکان (امين و حسين، 2013 : 115).

لە سەرەتای سەدەی (14 ز) دا بەشێکی زۆری بەهاراتەکانی هیندستان، کە بۆ ڕۆژئاوا دەنێردرا بە بەغداد دا تێدەپەڕی و لەوێشەوە بۆ دەریای ناوەڕاست (ف . هاید، ب.ت: 180).

### 2- دەریای سوور : ( Mar Rubrum)

کەشتییە بازرگانییەکان لە هیند و باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیاوە دەهاتن لە جددە یاخود لە عەدەن کەناری خۆرهەڵاتی دەریای سوور و کەناری خۆرئاوای نیمچە دورگەی عەرەبی لەنگەریان دەگرت (صالح، 2011: 175)، هەروەها کاڵاکانیان لە ڕێگەی کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی میسر بۆ بەندەری ئەسکەندەریە دەگواستەوە، پاشان بازرگانە ئیتالییەکان ئەم کاڵایانەیان بەرەو ئەورووپا دەبرد (عاشور، 1986: 133).

کاتێك ڕێگە بازرگانییەکان لە جیهاندا لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کەوتە دەستی مەغۆلەکان (تەتارەکان)، ڕێگەی میسر و دەریای سوور بە تەنیا لە هەڕەشەکان دوور بوون، بەمەش بەهۆی سەرکەوتنی مەمالیکەکانی میسر بوو لە شەڕی ( عين الجالوت 652 ك / 1260 ز) و دوورخستنەوەی مەترسی مەغۆل بۆ سەر میصر و بەشێکی شام، بەمەش سوڵتانی مەمالیکەکان توانییان سوودی زۆر لە بازرگانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی بەهارات وەربگرن (أباظه، ب.ت: 9)، چونکە دەسەڵاتی مەمالیك باجێکی زۆر قورسیان دەخستە سەر ئەو کاڵایانەی بە وڵاتی ئەواندا تێدەپەڕێت (صالح، 2011: 176) .

ئەوەش کاریگەری لەسەر چالاکی بازرگانی دەوڵەتە شارە ئەورووپییەکان هەبوو، بەجۆرێك بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی ئەو کاڵایانە کە ڤێنیزاییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوردەیان دەکرد (عاشور، 1986 : 2/ 97) .

ئەم سیاسەتی قۆرخکارییە لەسەر هەندێك کاڵا و بەرهەمی گرنگی وەك ( بەهارات و بخورد)، زیانی زۆری بە بازرگانانی ئەورووپا گەیاند، ئەمەش وای لە بازرگانانی ڕۆژئاوای ئەورووپا کرد هەوڵەکانیان بۆ گەیشتنە هیندستان و ڕۆژهەڵاتی دوور زیاد بکەن لە ڕێگەی زەریای ئەتڵەسییەوە (عاشور، 1986 : 140).

### 3- دەریای بەڵتیك: (Mare Balticum )

دەکەویتە باکووری ئەورووپا، چالاکی بازرگانانی ناوچەکانی باکووری تێدایە بە جموجوڵ بوو، بە تایبەتی ئینگلتەرا و شارەکانی زەوییە نزمەکان (هۆڵەندا و بەلجیکا ) کە زیاتر کاڵاکانیان لەگەڵ روسیا ئاڵ و گۆڕ دەکرد (صالح، 2011 : 170)، دانیمارك لە ساڵی (1380 ز) دا بە تەواوی کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر دەریای بەڵتیك کرد (هنری برين، 1996: 182).

### 4- کەنداوی پارس : (Sinus Persi )

ڕێگەی کەنداوی پارس بۆ بەسرە هەبوو، لەوێ کەلوپەلەکانیان دەگواستەوە بۆ بەغداد، لەوێ کاروانەکان دەیان گواستەوە بۆ بەندەرەکانی سوریا، وەك تەرابلوس و موسڵ، لەوێش بۆ بەندەرەکانی ئاسیای بچووك یان قوستەنتینە و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا (عاشور، **1986 : 133**).

**5- دەریای ڕەش : ( Mare Tenebrosum )**

لە سەدەکانی ناوەڕاست بازرگانانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ڕێگەی کاروانەکان لە ئاسیای ناوەڕاست بۆ بەندەرەکانی دەریای ڕەش گرنگترینیان ( خرزوم، ئۆدیسیا، قسطنطنیە ) کاڵاکانیان دەگواستەوە، پاشان بە کەشتی بۆ قسطنطنیە، لەوێ بازرگانەکان دەیان گواستەوە بۆ ڕۆژئاوا (عاشور، **1986 : 134**).

لە ناوەڕاستی سەدەی (**15** ز) دا گەشەی ئابووری دەریاوانە ئیتالییەکان گەیشتە ( دەریای ئیجە و دەریای ڕەش ) (هنری برین، **1996 :182**).

(ڤێنیزا) مەڵبەندی بازرگانی لە دەریای ڕەش دروست کرد، (مارکۆ پۆلۆ) بە ڕێگەی ئاوریشمدا ڕۆیشت تا گەیشتە وڵاتی چین، بیابانی گەرم و سووتێنەرەکانی بڕی تا گەیشتە بانی تبت (موریس بیشوب، **2022 :243**).

**6- دۆزینەوەی لوتکەی هیوا ( رأس الرجاء الصالح ): ( Cape of good hope )**

لە سەرەتای سەدەی ( پازدەهەم) ی زایینیدا، پورتوگالییەکان هەوڵیاندا ڕکابەرایەتی (ڤێنیزا) بکەن کە قازانجی زۆریان لە بازرگانی کاڵاکانی ڕۆژهەڵات وەرگرتبوو (اباظە، ب.ت : **37**). بە تایبەتی بەهارات کە لە لایەن (ڤێنیزاییەکان) بە تەواوی قۆرخ کرابوو (نورالدین حاطوم، **1967 :659**).

هەربۆیە پاشای پورتوگال (جۆنی یەکەم) لە ساڵی (**1415** ز) دا، هەموو هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی دەریایی نوێ بۆ هیندستان(**Atikn Son , 1970, 99** ) و لەناوبردنی قۆرخکاری ئیتالییەکان بۆ بازرگانی کاڵا ڕۆژهەلاتییەکان. لە ساڵی (**1487** ز) دا ( بارتۆ لومیو دیاز- **Barttholomeus Dias** ) گەیشتە لوتکەی باشوری ئەفریقا (لوتکەی هیوا)، پاشان (فاسکۆ دی گاما) لە ساڵی ( **1498**ز) دا توانی بە سوڕانەوە بە دەوری لوتکە ڕاستەوخۆ بگاتە هیندستان ( **Wilmot , 1869, P. 3-. 5**).

**دۆزینەوەی ڕێگەی جوگرافی لوتکەی هیوا (Cape of good hope) دەرئەنجامی ئێکجار گەورەی هەبوو، لەم خاڵانەی خوارەوە کورتیان دەکەینەوە:**

**1-** لە کۆتایی سەدەی ( **15** ز) دا ڕێگەی (لوتکەی هیوای) دۆزرایەوە، شۆڕشێکی گەورە بوو لە ڕێگەی بازرگانییە جیهانییەکان، بە لەدەستدانی گرنگی میسر لە بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا (عاشور، **1986 :140** ) .

**2-** چونکە جووڵەی بازرگانی لە دەریای ناوەڕاست داهاتی زۆری بۆ ئەوان دەهێنا، بەهۆی ئەو باجە زۆرانەی کە کاڵا بازرگانییەکان بە وڵاتەکەیان تێدەپەڕی دەیان سەند، بە تایبەتی مەمالیکەکانی تووشی شکست کرد (الدليمي و الرفاعي، **2014 :58** ) .

**3-** ئەگەری بەدەستهێنانی بەهاراتی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوروپا جگە لە ڕێگەی میسر کردەوە، سەرەڕای دووری ڕێگە نوێیەکەوە بە دەوری ئەفریقا دەسوڕانەوە، بەڵام لە کۆتاییدا بەهارات و کاڵا ڕۆژهەڵاتییەکان بە نرخێکی هەرزانتر لە جاران دەگەیشتە ڕۆژئاوای ئەوروپا (اباظە، ب. ت: **41**).

**4-** پورتوگالییەکان توانییان سەرکردایەتی ئەوروپا بکەن بۆ ڕێگەی هیندستان، فاسکۆ دی گاما لە ساڵی ( **1498** ز)، توانی بگاتە هیندستان لە ڕێگەی سوڕانەوە بە دەوری ئەفریقا، لە شاری (گوام) ناوەندی بازرگانییان دامەزراند بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و سەرپەرشتیاری کاروباری بازرگانی (صالح، **2011 :184 -185**).

## تەوەری سێیەم : گرنگترین کاڵا بازرگانییەکان

هەرچەند ئەو کاڵایانەی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ڕۆژهەڵات هاوردە دەکران، بەڵام (بخورد) و (بەهارات) دوو بەرهەمی ڕۆژهەڵاتیی ئێکجار گرنگ بوون بۆ ڕۆژئاوای ئەوروپا، ڕۆژئاوا نەیدەتوانی بێ ئەوان بمێنێتەوە، چونکە لە ڕۆژئاوا بەردەست نەبوون (**Hmapom , 1959,. 328** )، چونکە (بخورد) لە کڵێسا و دێرەکاندا، سووتانی لە شوێنە ئاینییەکان شتێکی لاوەکی نەبوو، بەڵکو لە چاوی دانیشتووانی گشتی مەسیحی و کڵێسا شتێکی جەوهەری بوو، بە تایبەتی لە کاتی نوێژ و ئاهەنگە ئاینییەکاندا، چونکە کەشێکی ئەوینی و تایبەت بە مەراسیمەکە دەبەخشێت، پێگەی کڵێسا و پیاوە ئاینییەکان و ڕێوڕەسمەکەی بەرز دەکردەوە (عاشور، **1986 :132**).

سەبارەت بە (بەهارات) ئەوروپا هەرگیز لە هێنانی نەوەستا، هەرچەند نرخی زۆر گران بووە، بەکارهێنانی (بەهارات) بەربڵاو بوو، کاتێك چێشتلێنان بوو بە هونەر و ئارەزووی تامی زیاتریان دەرکرد (ف هايد، ب. ت: **461-462**).

بەکارهێنانی (بەهارات) لەو سەردەمە پێویستی بوو، بە مەبەستی پاراستنی خۆراك بۆ ماوەیەکی زۆر، هەر هەربۆیە (بەهاراتیان) بەکار دەهێنا، بە تایبەتی بیبەر بۆ خۆراك وەك ئامرازێك بۆ پاراستنی بۆ ماوەیەکی زۆر، بەم شێوەیە بەهارات شتێکی لاوەکی نەبوو، بەڵکو شتێکی جەوهەری بوو لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك (عاشور، **1986 : 132**).

لە هەمان کاتدا کڵێسا هانی بازرگانی (شەراب)ی دا، چونکە لە قوربانی پیرۆزدا بەکاردەهێنرا، هانی بازرگانیدا لە (ڕۆنی زەیتوون) دا، چونکە لە نەریتە ئاینییە پیرۆزەکاندا زۆر پێویست بووە (موریس بيشوب، **2022 :237**).

قوماشی ئاوریشم، بۆ ڕێوڕەسمە ئاینییەکان و ڕازاندنەوەی کڵێساکان پێویست بوو، ڕازاندنەوەی دیوار و ستوونەکانی کڵێسا بە قوماشی گرانبەها، کە زۆربەی لە بەندەرەکانی سوریا و ئەسکەندەریە و بیزەنتی هاتوون (ف هاید، ب. ت: **1/ 109**).

بەکارهێنانی قوماشی ئاوریشم و گرانبەها لە کۆشکی شازادەکان بڵاوبووە و خۆیان و ژنەکانیان جلوبەرگی ئاوریشمیان لەبەر دەکرد، هەروەها ئاڵا و چادر و شوێنی پێشوازییان پێدەڕازاندەوە (نقولا زیادە، **1984: 132**).

لە هەمان کاتدا لەگەڵ زیادبوونی سامان، دەرکەوتنی چینە باڵاکان لە کۆمەڵگەی ئەورووپی بازرگانی بە کاڵا گرانبەهاکانەوە زیادی کردووە، بە تایبەتی ئاوریشم (العرینی، ب. ت : **132**).

لە بەرامبەر ئەم هەموو هاوردەکردنەدا بۆ ئەوروپا و لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان لە ڕۆژئاوای ئەوروپا دا، ئیتالییەکان (تەختە، ئاسن) یان بۆ ڕۆژهەڵات دابین دەرکرد، پاشان (جلوبەرگی خوری) و (لۆکە) بوو بە گرنگترین کاڵا کە لە ئەوروپا هاوردە دەکرا بۆ ڕۆژهەڵات، سەرەتا ئەو جلوبەرگەی ( لۆکە ) بوو لە ئیتالیا دروست دەکرا (هنری برین، **1996: 140**).

(شەراب) ە دروستکراوەکانی باشووری فەرەنسا، بە یەکێك لە گرنگترین کاڵا بازرگانییەکان دادەنرێت لە سەدەی ( **14** ز) و (**15** ز) دا هەناردەکردنی زۆر کەم بوو، بەهۆی جەنگی سەد ساڵە، هەربۆیە (بیرە) جێگەی (شەراب) ی گرتەوە، بەشێکی زۆری خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا (العرینی، ب. ت : **135**).

هەناردەکردنی (خوری ئینگلیزی) لە ناوەڕاستی سەدەی (**15** ز) دا، دەستی پێکرد لە بازاڕەکانی دەرەوە قبوڵ کرا، چونکە خوری ئینگلیزی لە هەموو جۆرەکانی خوری باشتر بوو (العرینی، ب. ت :).

## باسی چوارەم : ڕێگەکانی بازرگانی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا لە سەدەکانی (13- 15 ز) دا

### تەوەری یەکەم: ڕێگەی وشکانی

پێشکەوتن لە ڕێگەی ناوخۆیی (وشکانی) کەمتر بوو، کە شێوازێکی سەخت و گرانبەهای گواستنەوەی پێکهێنا، چونکە تۆڕەی ڕێگەوبانی ڕۆمانی بە تەواوی لەناوچووبوون، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕێگەکان لە (شوێنی تێپەڕین) زیاتر نەبوون (نورالدین حاطوم، **1967: 2/ 15**).

هەوڵی چاککردنی ڕێگەوبانەکان لە سەدەی (**13** ز) بە هەوڵی تاکە کەسی لە لایەن بازرگانەکانەوە دەستپێکرد (هنری برین، **1996: 90**)، لە فەرەنسا حکومەتی شاهانە ئەرکی نۆژەنکردنەوەی ئەو ڕێگەوبانەی بەجێهێشت بۆ ئەو کەسانەی بەکاری دەهێنن، تەنانەت لە ناوجەرگەی پایتەخت. لە ساڵی (**1332** ز) دا خەڵکی شاری (جێنێ) خۆیان ڕێگاکانیان چاك کرد بۆ ئەوەی کاڵاکانیان بگەیەنە (پاریس) دروستکردنی پرد گرنگترین هۆکار بوو بۆ پاراستنی ڕێگەوبانەکان (هنری برین، **1996: 91**).

خەڵکی بۆ ڕازاندنەوەی شارەکان لە ساڵی (**1237** ز) یەکەم پردی هەڵواسراویان لەسەر ڕووباری (ڕوسی) دروستکرد، کە کورتترین ڕێگەی نێوان ئەڵمانیا و ئیتالیا بوو (نورالدین حاطوم، **1967: 15**). ڕێگەکان قیرتاو نەکرابوون و بە خۆڵێکی ئەستوور داپۆشرابوون، لە کاتی باران باریندا بە خێرایی دەگۆڕا بۆ قوڕ (عاشور، **1986 : 112**). هەربۆیە بەردرێژکردنیان بۆ ڕێگە ڕۆمانییەکان بەکاردەهێنا، بەڵام لە وەرزی باران باریندا پڕ دەبوو لە قوڕ و لیتە، تەنانەت مرۆڤ و ئەسپ و وڵاغیش ئەستەم بوو بتوانن پێیدا بڕۆن (ڕێگەی باش بەرهەمی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی بوو) ( موریس بیشوب، **2022: 246**).

هەرچی ئامرازەکانی گەیاندن بوو، گونجاو بوون بۆ دۆخی خراپی ڕێگەکان، بەجۆرێك سەرەتا لە ئیتالیا گالیسکە بەکار دەهێنرا دواتر لە فەرەنسا و ئەڵمانیا بەکار دەهێنرا (عاشور،**1986: 111**). گالیسکەی دوو تاییش بەکار دەهێنرا بۆ گواستنەوەی کاڵاکان بۆ بازاڕەکانی ناوخۆ، بەڵام کاڵا گرنگ و گرانبەهاکان لەسەر پشتی وڵاغ و ئەسپ هەڵدەگیرا (هنری برین، **1996: 91**)، چونکە گالیسکە ناتوانێت خۆی لە چاڵ و چۆڵی ڕێگە لابدات، وەك ئەوەی وڵاغی بار خۆی لادەدات (ول دیورانت، **1988: 85**).

لە ئەنجامی بەکارهێنانی ڕێگەی وشکانی بۆ گواستنەوەی کاڵاکان، بووە هۆی دروستبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خان و وێستگە و ئوتێل لەسەر ڕێگە بازرگانییەکان (امین و حسین، **2013 : 1098**).

### تەوەری دووەم: ڕێگەی ئاوی

ڕووبارەکان ئامرازی گەورەبوون بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هەناردەکردن لە ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی ڕووباری (ڕاین) و (دانوب) ( هنری برین، **1996: 91**). بازرگانەکان لەبەر ئاسانی گواستنەوەی کاڵا قورسەکانیان زیاتر پشتیان بە ڕێگەی ئاوی دەبەست (امین و حسین، **2013 : 115**).

سەبارەت بە گواستنەوەی دەریایی، پێشکەوتنی بەسەر گواستنەوەی وشکانی بەدەستهێنا، چونکە سەرەتا کەشتییەکان تەنها لە نزیك کەنارەکان دەسوڕانەوە، لە لایەك لە ترسی چەتەکان و لە لایەکی دیکە لە ترسی ون بوون لە ناوەڕاستی دەریادا (عاشور، **1986: 2/ 115**).

بەڵام لە سەدەی (**13** ز) دا کە دروستکردنی کەشتی باشتر بوو، کاتێك کە پارچە دارێك زیادکرا بە ئاراستەی ڕاست بۆ پێشەوەی کەشتییەکە، یارمەتیدەر بوو بۆ سەلامەتی زیاتر، بەکارهێنانی کەشتی ئاسانتر بوو، دەتوانرا بە هەموو ئاراستەکان بەکار بهێنرێت، تەنانەت کەشتی گەورەتر و خێراتر دروستکرا لە لایەن کەشتیوانی دەریای ناوەڕاست، ئەم پێشکەوتنە هێواش بوو، بەڵام بە بەردەوامی مایەوە، بەهۆی کەمتر بوونی تێچووی گواستنەوە (نورالدین حاطوم، **1967: 2/ 15**).

ئەوەش وایکرد لە زانیاری دەربارەی شوێنە جوگرافییەکان و ئاراستەی با، هونەری دروستکردنی کەشتی بەدەست بهێنێت (نورالدین حاطوم، **1967**: **2/ 16**). هەموو ئەمانە وایکرد کەشتی گەورەی چارۆکەداری پان وپۆڕ دروستبکەن، بەکارهێنانی ( قیبلەنما، ئیستەرلاب و ئامێری چوارلا) هانی کەشتیوانیدا بچنە قوڵایی دەریاکانەوە (موریس بیشوب، **2022**: **242**).

تەنانەت کەشتی ڤێنیزاییەکان لە کاتی شەڕی خاچ دروشمەکان، هەریەکەیان بە نزیکی هەزار سەرنشینیان هەڵگرتووە، کەشتییەکانی دەریای ناوەڕاست گەورەتر بوون لەو کەشتییانەی لە دەریای بەڵتیك و دەریای باکوردا بەکاردەهێنران (عاشور، **1986**: **2 / 115**).

هەروەها (هنری یەکەم) (**1394-1460** ز)، هەوڵی زۆری دا بۆ چاککردنی کەشتی دروستکردن بەشێوەیەکی باشتر، کە توانی کەشتییەك بخاتە دەریا، کە توانای هەڵگرتنی (**80-100**) تەنی هەبوو (صالح، **2011**: **182**).

## تەوەری سێیەم: گرنگترین ئەو بەربەستانەی رووبەڕووی رێگە بازرگانییەکان بوونەوە لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا

سەرەڕای ئەوەی بازرگانی لە ماوەی سەدەی (**13** ز) دا بەرووی بازرگانی نێودەوڵەتیدا والابوو، کەمیی بازرگانییەکەی گەلێك بەربەستی هاتەرێ، گرنگترینیان بریتییە لە : خراپی رێگەوبان، سەپاندنی باج لە لایەن دەسەڵاتداران کە لەسەر رێگە بازرگانییەکان بوون، بەرزبوونەوەی باج، نەبوونی یاساکانی دادوەری، نەمانی ئاسایش، کە گرنگترینی ئەو رەگەزانەن کە زیان بە بازرگانی دەگەیەنن (ول دیورانت، **1988**: **85**). لە هەمان کاتدا هیچ ئاماژە و هێمایەکی رێگە پیشاندان و رێنماییەك نەبوو (موریس بیشوب، **2022** : **246**). لەبەر ئەوە دەبووایە رێگە پیشاندەرێك بەکرێ بگرن کە شارەزای رێگەکان بوو بە هەموو مەترسییەکان.

بەهۆی خراپی رێگەوبانەکان، گەشتی بازرگانی کاتێکی زۆری دەویست و رێگەوبانەکان سەخت و دژوار بوون، جاری وا هەبوو چەند مانگێك و ساڵێکی پێدەچوو، سەرەڕای رێگر و چەتەی سەر رێگەکان، کە رووبەڕووی بازرگانەکان دەبوونەوە (صالح، **2011**: **176**). هەربۆیە هەندێك جار پاسەوانی چەکداریان بەکرێ دەگرت بۆ پاسەوانی کردنی کاڵاکانیان کاتێك لە شوێنێکەوە دەیان گواستنەوە بۆ شوێنێکی دیکە (عاشور،**1986**: **114**). لەبەر ئەوە بازرگانەکان پێیان باش بوو گەشت کردنیان زیاتر بە کاروان (قافڵانە) بێت (موریس بیشوب، **2022**: **247**).

لە سەدەی ( **13** ز) دا شازادەکان و فەرمانڕەوای هەرێمە ئەوروپییەکان، ئەوانەی بە وڵاتەکەیاندا تێدەپەڕین (پارەی تێپەڕینیان) لێوەردەگرتن (نورالدین حاطوم، **1967**: **15**)، کە ئەویش رێگر بوو لە بەرامبەر چالاکی بازرگانی، سەپاندنی باجی زۆر لەسەر کاڵا بازرگانییەکان (هنری برین، **1996** : **89**).

بەجۆرێك ژمارەی وێستگەی (کۆکردنەوەی باج) بە درێژایی رێگەکانی (ئەلپ) بگاتە (**62**) وێستگە (ول دیورانت، **1988**: **71**). لە کۆتایی سەدەی (**15** ز) ی زایینیدا لەسەر رووباری (راین) (**64**) وێستگە، لەسەر رووباری (دانوب) (**35**) وێستگە هەبوون (هنری برین، **1996**: **90**).

ئەم باجانە باری سەر شانی بازرگانەکانی قورس کردبوو، چونکە هیچ بەشێك لەو باجانە بۆ چاککردنەوەی رێگە و بانەکان و دروستکردنی پرد نەبوو (هنری برین، **1996**: **91**).

سەرباری کێشەی بەندە یاساییەکان و جیاوازی لایەنی دادوەری کردن، کاتێك بازرگانەکان بە وشکانی گەشتیان بکردایە دەبوایە ملکەچی داواکاری دادوەری دادگا جیاوازەکان بن، ملکەچی یاسا جیاوازەکانی هەر ناوچەیەك بێت، بە گوێرەی ( یاسای تێکشکان) (عمران، **2006**: **171-172**) یاسای ئینگلیزی مافی بە هەر کەسێك داوە کەشتییەکی تێکشکاو بدۆزێتەوە مافی ئەوەی هەیە خاوەندارێتی تەواوی بکات، تەنها لە یەك حاڵەتدا نەبێت کە یەکێك لە سەرنشینەکانی کەشتییەکە رزگاری بێت (موریس بیشوب، **2022**: **244**).

بارودۆخی ئاسایشی گشتی لە بارێکی باشدا نەبوو، بەجۆرێك دز و رێگر بازرگانانیان لەسەر رێگەی وشکانی و ئاوی تووشی مەترسی دەکردەوە (ول دیورانت، **1988**: **74**).

بازرگانانی دەریا و زۆربەی کەشتییەکان بە کۆمەڵ دەردەچوون بۆ گەشتی کورت، زۆر جار کەشتی جەنگی پاسەوانی دەکرد لە ترسی چەتەکانی دەریا (بروی ادوار و آخرون، **1986**: **304**).

سەختی رێگەوبانی وشکانی وایکرد کە بازرگانەکان گواستنەوەی ئاویان پێباشتر بێت، بەڵام ئەویش دووچاری بەستنی ئاوەکان دەبوونەوە لە وەرزی زستاندا، ئەمەش رێگری بۆ هاتوچۆی رووبارەکان دروست دەکرد (عاشور، **1986**: **114**).

بەڵام لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست، بۆ چالاکی و گەشەی بازرگانی، ڤێنیزاییەکان دەریای ناوەڕاستیان لە چەتەی دەریا پاککردەوە، شارەکانی کۆمەڵەی (هانز)یش دەریای باکوور و بەڵتیکیان پاککردەوە (عاشور، **1986**: **133**).

## ئەنجامەکان

**1-** یەکێك لە هۆکارەکانی بوژانەوەی بازرگانی، هەڵمەتی چوارەمی خاچییەکان لە ساڵی (**1200** ز) دەست پێدەکات، کە هۆکاری سەرەکی بازرگانی و ئابووری بوو، کە یە لایەنی ئایینی پەردەپۆش کرابوو، بە تایبەتی دەوڵەتە شارییە ئیتالییەکان قازانجی زۆریان لە بازرگانی کردووە، تەنانەت لە کاتی جەنگی خاچ هەڵگرەکاندا پەیمانی بازرگانییان لەگەڵ موسوڵمانەکاندا بەستووە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان.

**2**- سەرهەڵدانی دراو و بانکەکان، یەکێکی تر لە هۆکارەکانی گەشەکردنی ئابووری بوو لە سەدەکانی (**13**- **15** ز)، چونکە بازرگانی پێویستی بە دراوی باوەڕپێکراو هەبوو بۆ مامەڵەکردن و پێدانی قەرز، بانکەکان لە سەدەی (**13** ز) دا دەرکەوتن لە ئیتالیا، کە ڕۆڵی گەورەیان گێڕا لە گەشەکردنی بازرگانیدا، دواتر بە هەموو وڵاتانی ئەوروپایی ڕۆژئاوادا بڵاوبوونەوە وەك (ئینگلتەرا و فلاندەرز).

**3**- بوژانەوەی بازرگانی ناوخۆ لە ڕێگەی بازاڕە ناوخۆییەکان (وەرزییەکان) بوو، کە ژمارەیان زیادی کرد لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپادا، بە تایبەتی لە (فلاندەرز) و (شامپاین)، چونکە بازرگانی لە گەشەکردن و چالاکبوون بەردەوام بوو، لەم بازاڕانەدا زیاتر کڕین و فرۆشتن بە کۆمەڵ دەکرا، زیاتر لە (سی) وڵات دەهاتن بۆ کڕینی بەرهەمەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی ئەوروپاوە.

**4**- کۆمەڵەی هانز، ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە پاراستنی بەرژەوەندیی بازرگانی بە تایبەتی لە وڵاتانی دەریای باکوور و دەریای بەڵتیك، ئەڵمانیا لە ( لۆبیك) و ( هامبۆرگ) سەرۆکایەتی دەکرد، دواتر ئەم کۆمەڵەیە لقی لە ئینگلتەرا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوای ئەوروپا کردەوە، ئەم کۆمەڵەیە بە ڕادەیەك بەهێز بوو دەستوەردانی لە هەڵبژاردنی پاشاکانی باکوری ڕۆژئاوای ئەوروپا دەکرد.

**5**- بیرۆکەی بازرگانی دەرەکی لەسەر بنەمای پێداویستی ناوچە جیاجیاکان بە بەرهەمە سروشتییەکانی ناوچەکانی دیکە دامەزراوە، کە وڵاتانی جیهان یەکێتی ئابووری لە ڕێگەی بازرگانی دەرەکی پێکهێناوە، دەوڵەتە شارییە بازرگانییەکانی (ئیتالیا) بەرهەمی ڕۆژهەڵاتیان هاوردە دەکرد بۆ ڕۆژئاوای ئەوروپا، دواتر فەرەنسا بازرگانی لە ڕێگەی دەریای ناوەڕاست کردەوە، ئیتالییەکان لە سەدەی (**13** ز) دا، بازرگانی دەرییایان لە ڕێگەی گەرووی ( جبل طارق) کردەوە.

**6**- بازرگانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی دەریای ناوەڕاست و دەریای سوور، دەریای بەڵتیك، پاشان بە دۆزینەوەی (لوتکەی هیوا) پورتوگال لە ساڵی (**1418** ز) ڕێگەی دەریایی بەرەو هیندستان دۆزییەوە، لە ڕێگەی فاسکۆ دی گاما، بازرگانەکانی ئیتالیا ( بخورد، ئاوریشم، بەهارات) یان لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوردە دەکرد، لە بەرانبەردا (ئاسن ، خوری) یان هەناردەی وڵاتانی دەرەوە دەکرد.

## سەرچاوەکان


1- زەینەڵ، ئاراس فریق ، مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەراستدا، چ. **1**، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولیر، **2024**.

2- زەینەڵ، ئاراس فریق ، مێژووی جەنگە خاچییەکان ، چ. **1**، سلێمانی، چاپخانەی تاران، **2024**.

3- أمين ، حسين ، عبدالامير محمد و محمد توفيق ، شارستانی ئەوروپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مستەفا سەعید علی، پێداچوونەوەی: م. سیامەند کریم محمود، چاپەمەنی چوارچرا، سلێمانی، **2013**.

4- أمين و حسين، عبدالامير محمد و محمد توفيق: مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەراستدا، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: مستەفا سەعید علی، چ. **2**، چاپەمەنی چوارچرا، **2021**.

5- بیشوب موریس، مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، وەرگێڕانی: دڵشاد ئەحمەد شەریف، چ .**1**، چاپخانەی کارۆ، سلیمانی،**2022** .

6- جفری برون، پوختەی مێژووی ئەوروپا، وەرگێڕانی: نهاد جلال، ناوەندی ڕۆشنبیری،سلیمانی، **2009** .

7- صالح، محمد محمد، مێژووی ئەوروپا لە سەردەمی ڕێنیسانس تاکو شۆڕشی فەرەنسا ( **1500- 1789**)، وەرگێڕانی : ئارام محمد، چ. **1**، نارین، سلیمانی، **2011**.

8- محمود شاکر، پوختەی مێژووی شارستانییەکان، وەرگێڕانی: نهاد جلال، سلێمانی، بەرگی دووەم، چ. **2**، چوارچرا، **2019**.

9- مەزهەر ، کمال احمد ، ڕێنیسانس لەگەڵ باسی تر بە ناونیشانی ئەدیب و ئەرکەکانی قۆناغ، وەرگێڕانی: فوئاد مجید میسری، چ.**4**، چاپخانەی تاران، ئێران، **2019**.

10- یوسف، عبدالقادر ئەحمەد، مێژووی چاخەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا، وەرگێڕانی: شانباز رەمزی، چ.**1** ، چاپەنی گەنج، سلێمانی، **2012**.

11- أباظة، فاروق عثمان، أثر التجارة العالمية الى رأس الرجاء الصالح على مصر وعالم البحر المتوسط، دار المعارف، القاهرة، ب.ت .

12- باقة رشيد، نشاط جنوه الصليبي والتجارة في مواصل بلاد المغرب في القرن الثالث عشر الى القرن الخامس عشر الميلادي، رسالة دكتوراه، قسطنية، جامعة الآمير عبدالقادر، **2006- 2007**.

13- توفيق، محمد حسين، التطور واقتصاديات الموارد، ط. **1**، دار الفكر الجامعي، الآسكندرية،**2011** .

14- الجوهري، غلاب حمد السيد سيري ، جغرافيه الحضر دراسة فى تطور الحضر ومناهج البحث فيه، منشأة المعارف، الآسكندرية، مصر، ب.ت.

15- حمد، سيد اشرف صالح، قراءة في تأريخ وحضارة اوروبا فى العصور الوسطى، شركة الكتاب العربي والألكترونيه ط.**1**، بيروت، **2008**.

16- حسن الباشا، دراسات في الحضارة الإسلاميه، دار النهضة العربيه، القاهرة، **1992**.

17- الديلمي و الرفاعي، محمد حمزة و ليث رياض المجيد، تأريخ اوروبا في عصر النهضة، ط. **1**، دار ابن الآثير، جامعة الموصل، العراق، **2014**.

18- الطيبي، أمين توفيق، كتاب دراسات في تأريخ صقلية، ليبيا، دارأمراء ، **1969**.

19- عاشور، سعيد عبدالفتاح، الحركة الصليبية صفحة مشرفة في تأريخ العهد الآسلامي في العصور الوسطى، ط. **9**، جزء **2**، مكتبة الآنجلو مصرية ، القاهرة، **2010**.

20- عاشور، سعيد عبدالفتاح، المدينة الإسلامية وأثرها فى الحضارة الآوروبيه، ط. **1**، دار النهضة العربية، القاهرة، **1963**.

21- عاشور، سعيد عبدالفتاح، اوروبا العصور الوسطى، النظم والحضارة، ج. **2**، مكتبة الانجلو، مصر، **2009**.

22- عاشور، سعيد عبدالفتاح، اوروبا العصور الوسطى، ط. **10**، ج. **2**، مكتبة الانجلو ، مصر، **1986** .

23- العبادي، احمد مختار، من تأريخ المغرب والآندلس، بيروت، دار النهضة العربية ، **1972**.

24- عبدالعزيز السديسي، بحث الفجوة الكبرى في الفكر الإقتصادي الآوروبي، مجلة دراسات اقتصادية، الرياض، السعودية، العدد **17** ، **2012**.

25- العدوي، ابراهيم احمد، المجتمع الاوروبي في القرون الوسطى، ط. **1**، القاهرة، دار المعرفه ، **1961**.

26- العريني، السيد البارز، الحضارة والنظم الآوروبيه في العصور الوسطى، (القسم الآول)، دار النهضة العربية ، القاهرة، ب.ت.

27- على، محمد حمدي، الاكتشافات الجغرافيه فى القرن الخامس عشر ونهاية القرن التاسع عشر، ط **1**، المطبعة العمالية، القاهرة، **1913**.

28- غانم، حامد زيان، تأريخ الحضارة الإسلامية في صقلية، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهره، **1977**.

29- قاسم، عبده قاسم، الخلفية الأيدولوجية للحروب الصليبية، دراسات عن العملة الآولى، د. م. ، **2006**.

30- نسيم، يوسف جوزيف، تأريخ العصور الوسطى الآوروبية وحضارتها، مؤسسة شباب الجامعة، القاهرة، **1984**.

31- نعيم فرح، الحضارة الآوروبية فى العصور الوسطى، ط. **3**، منشورات جامعة دمشق، دمشق، **2005**.

32- نورالدين حاطوم، تأريخ العصور الوسطى فى أوروبا، ط. **1**، ج. **1**، دار الفكر ، دمشق،**1967**.

33- هاني مبارك و شوقي ابو خليل، دور الحضارة العربية الإسلامية في النهضة الأوروبية، دار الفكر، دمشق،**1996**.

34- ياغي، اسماعيل أحمد، أثر الحضارة الإسلامية فى الغرب، مكتبة العبيكان، الرياض،**1997**.

35- بروي ادوارد وآخرون، تأريخ الحضارات العام القرون الوسطى، اشراف كروزيه موريس، ترجمة: داغر يوسف وداغر فريد، ط. **2**، منشورات عويدان ، بيروت ،**1986**.

36- تيبارم، جوستاف جرو، حضارة الإسلام، ترجمة : عبدالعزيز جاويد، القاهره، **1956** .

37- رايلى كافين، الغرب والعالم تأريخ الحضارة من موضوعات، ترجمة: الميري عبدالوهاب حمد و حجازي هدى عبدالسميع، مراجعة: زكريا فؤاد، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت ، **1985**.

38- غريمال، بيارد و آخرون، موسوعه تأريخ اوروبا العام، اشراف ليفه جورج موسين لالان، ترجمة: الهاشم أنطون ، ط **1**، منشورات عويدات، بيروت، **1995**.

39- كلود ديلماس، تأريخ الحضارة الاوروبيه، ترجمة: كوليت جيب، مراجعة: ابراهيم ابو حيدر، الفن الحديث والحالي، ط. **1**، د. م. ط، ب.ت .

40- كولتون ج. ج، عالم العصور الوسطى في النظم والحضارة، ترجمة: الشيخ احمد، ط. **1**، سينا للنشر، القاهره،**1995** .

41- ل.ج. شينى ، تأريخ العالم الغربي، ترجمة : مجدالدين حفنى ناصف، مراجعه : علي أدهم، دار النهضة العربية، القاهرة، **2003** .

42- لاند اوسكار، الاقتصاد السياسي، تعريب: محمد سليمان حسن، ط. **2**، بيروت، دار الطليعة، **1973** .

43- مانجيفتش بريدراك، تراتيل متوسطية، ترجمة: ناظم عبدالجليل و الحفصالي سعيد، ط. **1**، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء ، **1999** .

44- هـ . ا.ل . فيشر ، تأريخ اوروبا في العصور الوسطى، ترجمة: حمد مصطفى زياده، السيد الباز العريني، ط. **6**، قسم. **1**، دار المعارف ، مصر، ب.ت.

45- هـ. و. ديفز، اوروبا فى العصور الوسطى، ترجمة: عبدالحميد حمدى محمود، ط. **1**، الاسكندرية، معارف، **1958**.

46- هربرت فيشر، تأريخ اوروبا في العصور الوسطى، ترجمة: زياد والسيد البارز، ط **4**، ج **1**، القاهرة ، **1996**.

47- هنرى بيرين، تأريخ اوروبا في العصور الوسطى الحياة الإقتصادية والاجتماعية، ترجمة: د. عطية التوصي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر، **1996**.

48- ول.ديورانت، قصة الحضارة، عصر الإيمان- العصور المظلمة والاقطاع والفروسية، ترجمة: محمد بدران، ج.**3**، بيروت ، **1988**.

**49- Barraclough(G), The Oxigins of modern Germany , Oxford , 1947.**

**50- Gold, universaly schihte des Handles iecht , stutt , gort Schmidt , 1891** .

**51- Hmapom,An Economic and social History of the middle Age , New York , 1959.**

**52- P. Lehugeur, Histore de philippe le long, Paris, , 1847.**

**53- P.Hurelin, Essaie historique Sur ledroit des marches des foires . Paris , 1897**.

**54- Paenter, A History of the middle ages , New York, 1965.**

**55- Painter, mediaersi Saciety , New York ,1954**.

**56- Pirrenne (H) Renanu det (H) , pirrogl (f) Hardelsmam(m), Halphen(L), Lafin du mayen Age (Zvdeos) , Paris, 1931.**

**57- Thompson James. Westfall Economic and social History of Europe in Later middil Ages ,New York, 1938.**

**58- William , A. , A History of spain and Portugal, Pelican , 1970.**

**59- Wilmot A., history of the Colong of the cape of good hope , GAPE town , street , 1869.**

**60- Zmmerman (H) The hangs towns , London, 1938.**

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-20

# The trade in Western Europe at the midle centuries (13th - 15th )

(Extracted from MA Thesis)

Tarza kamal omer[1], Aras fariq zainal[2]

1- Department of History, Faculty of Humanities, University of Sulaymaniyah, Kurdistan Region - Iraq
2- President of Garmian University, Kurdistan Region - Iraq

Article Info

| Received | July, 2025 |
|---|---|
| Accepted | August, 2025 |
| Published: | November, 2025 |

**Keywords**

**Trade, Western Europe, 13th to 15th centuries**

**Corresponding Author**

tarzakamal55@gmail.com
aras.fariq@garmian.edu.krd

## Abstract

This research discusses the fundamental transformations in domestic and international trade in Western Europe from the 13th to the 15th centuries-a period marked by the expansion of commercial cities, the establishment of banking systems, and the development of maritime trade. The study aims to distinguish the characteristics of domestic trade from international trade, analyzing the impact of both on the European economy. It relies on a wide range of sources in Kurdish, Arabic, English, and French. The Fourth Crusade had a significant influence on the growth of trade with the East, leading to the discovery of new trade routes and the emergence of banking systems such as those in Florence and Lombardy.

These developments laid the foundation for new monetary practices implemented within seasonal (domestic) markets. At the same time, international trade through port cities like Vienna and Genoa transformed them into thriving commercial centers. The Hanseatic League also played a crucial role in organizing and facilitating trade. This research clarifies the role of commerce in establishing a strong economic base in Europe and in fostering the development of commercial cities. It also highlights the relationship between trade and socio- political transformations, particularly the growing influence of the merchant class and its political impact. The study concludes that the distinction between domestic and international trade is not merely geographical but lies in the differing systems and mechanisms of commerce, which formed the backbone of Europe's robust economy during this era.